# زاری کوردیی خواروو

## چەند سەرنجێکی زارناسی

سوداد ڕەسووڵ[1]

لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێکی گشتی لە زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە دەدەینەوە، لە ڕووی مێژووییەوە ناسنامەی کوردبوونی زارەکانی دەستنیشان دەکەین، هەروەها لە ڕووی زارناسی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە تیشک دەخەینە سەر زارەکە و ڕەوتی گەشەکردن و پەیوەندیی بە زارە کوردییەکانی دیکەی خوارووی کوردستان ڕوون دەکەینەوە، لەگەڵ نیشاندانی دۆخی ئێستای زارەکە و چۆنیەتیی پاراستنی لە فەوتان و بووژاندنەوە و بەستانداردکردنی.

**پوختە**

زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان کە بە ناوەکانی لوڕی و لەکی و کەڵهوڕی ناسراون، لە مێژوودا بەردەوام چەند پێکهاتەیەکی کورد بوون. هەرێمەکەیان لە سەدەی دەیەمی میلادییەوە دابەش بووە بۆ دوو ناوچەی میرنشینی: لوڕی بچووک و لوڕی گەورە. هەردوو ناوچە لە ژێر قەڵەمڕەوی چەند میرنشینێکی کوردی فەرمانڕەوایی کراون. پێکهاتەی دانیشتووانەکەی بەدرێژاییی سەدەکان عەشیرەتی بووە و بە مەزهەب شیعەن. ئەم پێکهاتە ئایینی ـ مەزهەبییە، لە جوگرافیایەکی دوورەدەستی خوارووی کوردستان، هۆکارێکی سەرەکی بووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ کوردە سوننییەکانی سەرەوەی خۆیان تێکەڵ نەبن، هەر بۆیە بەدەگمەن نەبێت لە بزاڤی نەتەوایەتیی کوردیش بەشدارییان نەکردووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم دوای سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێران؛ دەوڵەتی ئێران بە سیاسەتی تاکزمانی و سەپاندنی یەک زمان(زمانی فارسی)، هەوڵی تواندنەوەی هەموو زمانەکانی دیکەی غەیری فارسیی لە ئێران داوە. لوڕەکان لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، بەچڕی ئاسمیلە کراون و لە ناسنامەی نەتەوەییی کوردیش دابڕاون و کراون بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ. بەمدواییە بە هەمان پرۆسە، هەوڵ دەدرێ لەکەکانیش لە کورد دابڕن. بەڵام کوردەکانی هەردوو ئوستانی کرماشان و ئیلام، کە بە زارێکی کوردیی خواروو دەدوێن و بە کەڵهوڕییش ناسراوە، لە بەرانبەر ئەم تواندنەوەیە بەرگری دەکەن، هەوڵ دەدەن زارە کوردییەکەیان، کە مەترسیی فەوتانی لێ دەکرێ، ببووژێننەوە، و پێی بنووسن و بخوێنن. لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی زارناسییەوە، دابەشکردنێکی نوێ بۆ زارەکانی ئەم هەرێمە کراوە و بنزارەکانیان دەستنیشان کراوە، جەخت لەسەر کوردیی خواروو کراوەتەوە، و ڕێکارەکانی بووژاندنەوە و بەستانداردکردنی تاوتوێ کراوە، بۆ ئەوەی وەک زارێکی کوردی، لە ئێستا و داهاتوودا، بە زیندوویی بمێنێتەوە و ناسنامەی زمانی و نەتەوەیی لە دەست نەدات.

**وشە سەرەکییەکان**

خوارووی کوردستان، لوڕ، کەڵهوڕ، کوردیی خواروو، ئەدەبی زارەکی، زاری ستاندارد.

**پێشەکی**

زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان (کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی) لەلایەن توێژەرانی کورد و ڕۆژئاواییەوە کەمتر بایەخیان پێ دراوە، وەک ئەو بایەخە نەبووە کە بە زارە کوردییەکانی دیکەی وەک گۆران و زازاکی و کوردیی باکوور و کوردیی ناوەندی دراوە. هۆکاری سەرەکیی ئەم بایەخ نەدانە لای کورد بۆ پێکهاتەی ئایینی و مەزهەبیی هەرێمەکە دەگەرێتەوە کە زۆربەیان شیعەن و بە پێچەوانەی کوردی ناوچەکانی دی کە بە مەزهەب سوننەن. کێشەی مەزهەبی نێوان شیعە و سوننە بەدرێژایی مێژوو ڕێگر بووە کە ئەم دوو پێکهاتە مەزهەبییە موسڵمانە نەتوانن پێکەوە هەڵبکەن، هەر ئەمەش کاریگەریی هەبووە بۆ سەر کوردەکانی ئەم هەرێمە، کە لە ڕووی نەتەوەییەوە بەدەگمەن نەبێت بەشدارییان لە بزاڤی نەتەوەییی کورد نەکردووە، چونکە لە لایەن کوردی سوننەوە ڕێبەرایەتی کراوە. لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەت ـ نەتەوە لە ئێراندا، زەمینەیەکی لەبار بووە بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی و نەتەوەیی لە نێو کوردە شیعەکان بەفراوانی جێبەجێ بکەن و ئەم ناوچەیە،

له ناوچه کوردنشینەکانی دی زیاتر کاری لەسەر کراوە بۆ ئەوەی لە نێو بۆتەی زمانی فارسی و نەتەوەی سەردەستەوە ئاسمیلە بکرێن. ئەمڕۆ، لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ بەرەو پووکانەوە دەچن، کە ئەگەر نەبووژێنەوە لە داهاتوودا زۆر لاواز دەبن و بۆ یەکجاری لەناو دەچن. لە هەمان کاتدا، ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەزهەبییە لە چوارچێوەی دەوڵەت – نەتەوەی ئێراندا بە یەک زمان و یەک نەتەوە، لە ماوەی سەدەیەکدا زەمینەسازیی کردووە کە ناسنامەی نەتەوەیی ئەم زارانە بکەونە ژێر پرسیارەوە، لە زارێکی کوردییەوە بکرێن بە چەند زمانێکی سەربەخۆ. پیادەکردنی ئەم سیاسەتە زمانی و فەرهەنگییە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، لوڕەکانی لە ناسنامەی کوردبوون داماڵیوە، کە چیدی خۆیان بە کورد نەزانن، لەمدواییە کار لەسەر لەکەکانیش کراوە بۆ ئەوەی بە هەمان پرۆسەی داماڵینی ناسنامەی کوردی، زارەکەیان وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ڕەسمی بناسرێ و چیدی زارێکی زمانی کوردی نەبێت. هەرچی زاری کوردیی خوارووە، کە بە کەڵهوڕییش ناسراوە و لە هەردوو ئوستانی کرماشان و ئیلام قسەی پێ دەکرێ، لەم بارودۆخە سیاسیی - زمانییەی ئێران، هەوڵ دەدرێ وەک پێکهاتەکانی دیکەی کورد لە خوارووی کوردستان، ناسنامەی کوردبوونیان بنکۆڵ بکرێ و زارەکەشیان گەشە نەکات و بەرەو تواندنەوە بچێت، چونکە بەچڕی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی فارسی، و ئێستا لەبەردەم دووڕیانی ڕزگاربوون و لەناوچووندایە. بۆیە بایەخدان و ژیاندنەوەی ئەم زارە، وەک زارێکی گرنگی خوارووی کوردستان، مانەوە و پاراستنی گەلی کوردە لە سەرزەمینێک کە هەر لە کۆنەوە بەشێکی گرنگ بووە لە مێژوو و جوگرافیای خاکی کوردستان.

لەم توێژینەوەیەدا ئاوڕێکی گشتی لە زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە دەدەینەوە، لە ڕووی مێژووییەوە ناسنامەی کوردبوونی زارەکانی دەستنیشان دەکەین، هەروەها لە ڕووی زارناسی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە تیشک دەخەینە سەر زارەکە و ڕەوتی گەشەکردن و پەیوەندیی بە زارە کوردییەکانی دیکەی خوارووی کوردستان ڕوون دەکەینەوە، لەگەڵ نیشاندانی دۆخی ئێستای زارەکە و چۆنیەتیی پاراستنی لە فەوتان و بووژاندنەوە و بەستانداردکردنی.

## پرسی لوڕ و زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان

پێش ئەوەی بێینە سەر ناساندن و دەستنیشانکردنی سنووری جوگرافیی زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، پێویستە ئەوە بگوترێ کە زارەکانی ئەم هەرێمە لە هەموو دابەشکردنەکان کە بۆ زارە کوردییەکان کراون، هەموو بە لوڕی ناسراون، واتە کەڵهوڕی و لەکییش بە لوڕ دانراون زارەکانیشیان بە چەند بنزارێکی لوڕی دانراون کە ئەمەش لە ڕووی پێکهاتە و ناسنامەی زار و شێوەزارەوە دەستنیشانکردنێکی هەڵەیە. لە لایەکی دیکەوە لوڕەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە لە ڕووی نەتەوەییەوە لە کوردبوون دابڕاون، ئەمەش جارێکی دی ناسنامەی زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمەی خستە ژێر باس و مشتومڕەوە کە ئاخۆ کامە پێکهاتەی ئەتنیکی و عەشیرەتیی لوڕستان ئێستا لە کورد دابڕاون و کامەشیان هەر کورد ماون؟. بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە هەلومەرجی ئەم دۆخە لەهجەییەی خوارووی کوردستان، پێویستە ئاوڕێکی خێرا لە مێژووی لوڕستان بدەینەوە.

زاراوەی لوڕ و لوڕستان لە سەرچاوە



مێژووییەکاندا چەند چەمکێکی ئەتنیکی و عەشیرەتی و جوگرافی و دەسەڵاتی میرنشینی بووە، و بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە هەندێک سەردەم زیاتر ناوی میرنشینی، یان هەرێمێکی جوگرافی بووە و ناوچەیەکی فراوانی لە باشووری ڕۆژئاوای ئێران گرتووەتەوە، لە هەمان کاتدا، ناوی پێکهاتەیەکی دانیشتوانی یان چەند هۆزێکی سەرەکیی خوارووی لوڕستان بووە، بەڵام دانیشتوانی هەموو ئەم یەکە جوگرافییە بە بنەچە لوڕ نەبوون، پێکهاتەی دانیشتوانی دیکەی کورد وەک لەک و کەڵهوڕ هەبوون، بە شێوەی ئاخاوتنیش لەگەڵ لوڕ جیاواز بوون.

لە دوای فتوحاتی ئیسلام بۆ لوڕستان و ئێران، ئەم هەرێمانە ڕاستەوخۆ لە لایەن خەلافەتی ئومەوی و عەباسییەوە فەرمانڕەوایی کراون. هەرێمی لوڕستان بەهۆی شاخاویبوونی (زنجیرە چیای زاگرۆس) لە سەرچاوەکان بە بەشێک لە هەرێمی چیاکان (اقلیم الجبال) ناسراو بووە. لە سەدەی دەیەمی میلادی، ئەم هەرێمە بۆ دوو ناوچە دابەش دەبێت: لوڕی بچووک و لوڕی گەورە. لوڕی بچووک ناوچەکانی ڕۆژئاوای لوڕستانی گرتووەتەوە لە دزفولەوە لە باشوور هەتا کرماشان لە باکوور درێژ بووەتەوە، دانیشتوانی ناوچەکە هەندێک جار بە لوڕی فەیلییش ناویان بردووە. لوڕی گەورە، بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوچەکانی لوڕ دەگرێتەوە، بۆ سەر خەلیج درێژ بووەتەوە و ئێستا چەند تیرە و هۆزێکی لوڕ دەگرێتەوە کە ئەمانەن: هۆزی بەختیاری، هۆزەکانی کۆهگلۆیی، هۆزی مامەسەنی، لوڕەکانی حەیات داودی (صفی نژاد، ١٣٦٨: ١٠٣ -١٠٦).

لوڕستان دانیشتوانەکەی لە ڕووی مەزهەبەوە شیعەی ١٢ ئیمامین، کە مەزهەبی ڕەسمیی ئێرانە، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بە درێژایی مێژوو کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگی و عەشایەری بووە. لوڕەکان بنەماڵەی حوکمڕانی ناوچەییان هەبوو کە بە ئەتابگ ناسراوە لە سەردەمی سەلجووقییەکان لە ماوەی نێوان (١١٨٢ – ١٥٩٧م) بە ناوی ئەتابگی لوڕستان فەرمانڕەواییان کردووە. دوای هاتنە سەر کاری سەفەوییەکان لە ئێران، دەبێت بە والینشین، و لە ماوەی نێوان (١٥٩٧ – ١٩٢٨م) فەرمانڕەوایی دەکەن. (Amanolahi, 2002: 193)

ناوچەی لوڕی بچووک لە دوا ساڵەکانی سەردەمی عەباسی (ناوەڕاستی سەدەی سێزدەم) بەشێک بووە لە هەرێمێکی ئیداری بەناوی کوردستان. وەک حمد الله مستوفی لە کتێبی (نزهة القلوب) باسی کردووە، کە ئەم یەکە ئیدارییە ١٦ ویلایەتی گرتووەتەوە، سنووری لەگەڵ ویلایەتی عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکر بووە، کۆمەڵێک شار و شارۆچکەی لەخۆ گرتووە وەک کرماشان، ئەڵیشتەر، قەڵاتی بەهار، خوفتیان، شارەزوور، ماهیدەشت، دینەوەر کەنگاوەر، هەرسین. (المستوفی، ١٩١٣: ١٠٧) یەکەم هەرێمێکی ئیدارییە بە ناوی کوردستان لە مێژوودا، واتە زاراوەی کوردستان وەک چەمکێکی ئیداری و جوگرافی و نەتەوەیی بۆ یەکەمجار لەو ناوچەیە سەری هەڵداوە کە شوێنی نیشتەجێبوونی کەڵهوڕ و لەک و لوڕە.

هەردوو لوڕستانی گەورە و بچووک لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لە لایەن میرە کوردەکان حوکمڕانی کراون. جوگرافیناس و وڵاتناسە موسڵمانەکان ئاماژەیان بەم ڕاستییە کردووە کە کوردەکان بەسەر وڵاتی لوڕدا زاڵن و زۆربەی دانیشتوانەکەشی پێک دێنن. حمد الله مستوفی باسی سەد بنەماڵەی کورد دەکات کە لە ساڵی ١١٠٦م لە ناوچەکانی چیای سماق[٢] لە باکووری کوردستانەوە بۆ ناوچەی لوڕستانی گەورە کۆچیان کردووە و لەوێش نیشتەجێ بوون.

هەروەها سەرچاوەکان ناوی ٢٦ هۆزی کوردی نیشتەجێی لوڕستانی گەورەیان هێناوە لەوانە: ئەستورکی، مامەکۆیی، بەختیاری، جوانکی، بیدانیان، زاهدیان، و تاد (تۆفیق، ٢٠٠٨: ٢٥ - ٢٧).

میر هەزارئەسپ کوڕی پەنگێر کوڕی عەیازی کورد، یەکێک لە میرە کوردە ناودارەکانە کە بۆ ماوەی نزیک بە سی ساڵ لە ماوەی نێوان (١٠٤٤ – ١٠٦٩ م) بە سەر هەرێمی لوڕستانی گەورەدا فەرمانڕەوا بووە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە ڕووداوەکانی دوا ساڵەکانی سەردەمی بوەیهی (٩٤٦ – ١٠٥٥م) و دەستپێکی سەردەمی سەلجوقی گێڕاوە. لە لایەن خەلیفەی عەباسی و میرەکانی بوەیهی و سوڵتانەکانی سەلجوقی ڕێزی لێ گیراوە و خاوەن پلەوپایە بووە (توفیق، ٢٠٠٨: ٢٧).

لە ناوەڕاستی سەدەی دەیەمی میلادییەوە، هەرێمی لوڕستانی بچووک بەشێک بووە لە قەڵەمڕەوی میرنشینی بەنو حەسنەوی بەرزیکانی ناسراو بە حەسنەوی کوردی لە ماوەی نێوان(٩٠٩ – ١٠١٥ م) بە سەر ناوچەکانی دەوروبەری دینەوەر و هەمەدان و نەهاوەند و سامغان و دەوروبەری ئازەربایجان و هەتا سنووری شارەزوور فەرمانڕەوا بوون (النقشبندی، ٢٠١١: ١٤٦) پاشتر دەبێت بە بەشێک لە میرنشینی بەنی عەناز شازنجانی کە سەر بە هۆزی شازنجانی کوردی بووە لە ماوەی نێوان (٩٩١ – ١١١٧م) لە ناوچەکانی حەلوان و دینەوەر و کرماشان و ئەسەد ئاباد و ماهیدشت و کەنگاوەر و سیروان و خوفتیان و داقوق و شارەزوور، و چەندین ناوچەی دی فەرمانڕەوا بووە. ناوچەی فەرمانڕەواییەکەی بەپێی سەردەم گۆڕانی بەسەردا هاتووە (النقشبندی، ٢٠١١: ٢٠٥).

لە دوای ئەوە لە سەدەی سێزدەم بۆ چواردەم دوو میرنشینی دیکەی کوردی: میرنشینی فەزڵەوی یان میرنشینی لوڕی گەورە و میرنشینی خورشیدی یان میرنشینی لوڕی بچووک بە سەر هەرێمی لوڕستاندا فەرمانڕەوا بوون، هەردوو میرنشینی پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی مەغۆلی بەهێز بووە (توفیق، ٢٠٠١: ١٢١ - ١٣٢).

زاراوەی لوڕستان لە سەرچاوە مێژووییەکان لە ڕووی جوگرافییەوە بەپێی سەردەمەکان لە گۆڕاندا بووە، لە ماوەی حوکمڕانیی هەردوو ئیمارەتی لوڕی گەورە و بچووک پانتاییەکی گرتووەتەوە لە باکوورەوە هەمەدان و کرماشان بووە، لە ڕۆژئاوا عێراق و لە باشووریش ئەهواز و هەرێمی فارسی لە ڕۆژهەڵات شیراز و ئەسفەهان. دوای لەناوچوونی بنەماڵەی حوکمڕانی لوڕی گەورە، لە کۆتایی سەدەی پازدەم و سەرەتای سەدەی شازدەم، لوڕستان تەنیا ناوچەی لوڕی بچووکی گرتووەتەوە بۆ ئەوەی لە لوڕی گەورە جودا بکرێتەوە، پێی گوتراوە «لوڕستانی فەیلی».[٣] دوای ئەوەی لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەم دەسەڵاتی قاجاری توانی بە سەر ئەم هەرێمەدا زاڵ بێت، کە نوێنەرایەتی لوڕستانی دەکرد، بەم پێیە ئەو ناوچانەی کە لە کۆندا ئیمارەتی لوڕی بچووک بوون، کران بە دوو بەش:

- ناوچەی پێشکۆ، ئەو ناوچەیەی کە لە پێش چیای کەبیر هەڵکەوتووە، کە ڕۆژهەڵاتی ئەو
چیایەی دەگرێتەوە، کە ئوستانی لوڕستانی ئێستا دەگرێتەوە و مەڵبەندەکەی خورەم ئابادە، و دانیشتوانەکەی لوڕ و لەکە.
- ناوچەی پشتکۆ، واتە ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە پشت چیایەکە کە دەکاتە ڕۆژئاوای ئەو کێوە. کە ئێستا ئوستانی ئیلام دەگرێتەوە و دانیشتوانەکەی بە زاری کوردیی خوارووە، یان کەڵهوڕی دەدوێن کە هەتا ئەمڕۆش لوڕستان وەک یەکەیەکی ئیداری، ناوچەی پێشکۆ دەگرێتەوە، بەڵام بۆ ماوەی دوو سەدە ناوچەی پشتکۆ بە وڵاتی فەیلی ناو براوە. (قمندار، ٢٠١٤: ٥٧)

لە پشتکۆ هەندێک ناوچە هەیە دانیشتوانی لوڕ و لەکە بە تایبەت لە قەزای دەرەشەهر، لە قەزای ئابدانانیش بەشێکی دانیشتوانی لوڕە، و ئەوانی دی سەر بە عەشیرەتی کوردی کوردەلین، لە قەزای دێهلۆڕانیش کەمینەیەکی لوڕ هەیە، بەڵام زۆرینەی کوردەلییە، لە بەدرە و زرباتییەش دانیشتوانی لوڕ هەیە (قمندار، ٢٠١٤: ٥٨).

سەبارەت بە کوردبوونی لوڕەکان، ئەگەر سەیری سەرچاوە مێژووییەکان بکەین، لە لایەن هەموو مێژوونووس و گەڕیدە موسڵمانەکان وەک طبری، مسعودی، ابن حوقل، أبو الفداء، یاقوت الحموی، سبط ابن الجوزی، مقریزی،.. لوڕیان بە کورد داناوە (توفیق، ٢٠٠٧: ١٣٤) بۆ نموونە یاقوت الحموی لە سەدەی دوازدەمی میلادی لە کتێبی معجم البلدان لەبارەی لوڕ دەڵێت: «تایفەیەکن لە کورد لە چیاکانی نێوان ئەسفەهان و خوزستان نیشتەجێن. ئەم ناوچەیەش بە وڵاتی لوڕ، یان لوڕستان ناسراوە « (الحموی، ١٩٧٧: ١٦).

لە هەندێک سەرچاوەی دیکەی مێژوویی ناوی لوڕ و کورد بە جودا هاتووە وەک لای ابن فضل الله العمری لە سەدەی چواردەمی میلادی بە «الأکراد و اللر» هاتووە، لە هەندێک سەرچاوەی فارسییش بە «کردان و لران» ناویان هاتووە (توفیق، ٢٠٠٧: ١٣٤، بهاروند، ١٣٩١: ٣٣) ناوهێنانی کورد و لوڕ بە جودا لە سەرچاوە کۆنە مێژووییەکاندا، هەندێک لە توێژەرانی بێگانە و کورد پێیان وایە ئەمە سەرەتای جودابوونەوەی لوڕە لە کورد، بۆیە وەک دوو نەتەوەی جودا ناویان هاتووە.

ئەگەر سەرنج بدرێ، لە سەردەمی پێش نەتەوایەتیدا، چەمکی نەتەوە لە نێو ئەم پێکهاتە عەشیرەتییانە، چەمکێکی چوونیەک و یەکسان نەبووە، هەندێک جار، ناوی عەشیرەتەکە بە پێش ناوە گشتییەکەی نەتەوە کەوتووە، یان ڕوونتر بڵێین، ناوی کورد لەو سەردەمە چەترێک بووە، کۆمەڵێک پێکهاتەی عەشیرەتی و گروپی ئەتنیکی بە لەهجەی جیاواز و مەزهەب و ئایینی جیاواز، لەژێریدا کۆ بوونەتەوە. زۆربەی نەتەوەکان لە کۆندا بە هەمان شێوە فرەپێکهاتە و فرە لەهجە بوون، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنیتە کە نەتەوایەتی و نەتەوەسازی لەگەڵ خۆی هێنا، پێکهاتەی خێڵ و عەشیرەت بە زار و بنزاری جیاواز لە بۆتەی یەک نەتەوە و یەک زماندا تواونەتەوە، بەڵام لە سەردەمی نوێدا کورد بەم پرۆسە نەتەوەسازییەدا تێنەپەڕیوە، چونکە لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە تازە کورد لە ڕووی نەتەوەییەوە هۆشیار دەبووەوە، دەوڵەت نەتەوەکانی فارس و عەرەب و تورک کە بە سەر کوردستاندا فەرمانڕەوا بوون، نەتەوایەتیی کوردیان سەرکووت کردووە و گەشەکردنی زمانەکەشیان قەدەغە کردووە، لێ نەگەڕاون نەتەوایەتیی کورد بە زمان و هەستی هاوبەش لە نێو پێکهاتەکانی گەشە بکات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، لە مێژووودا، پێکهاتەکانی کورد بە ناوی جیاواز ناسراو بوون؛ بۆ نموونە دانیشتوانی ناوەڕاستی کوردستان لە مێژوودا بە کورد ناسراو بووە، کە ئەمڕۆش بە هەڵە ناوی کوردی سۆرانیی بەسەردا زاڵ بووە، بەڵام باکووری کوردستان بە کورمانجی، و کوردە گۆرانەکان، کە بە دین یارسانن و بە زاری گۆرانی قسەیان کردووە، بە گۆران ناسراو بوون، لوڕ و لەک و کەڵهوڕیش بە هەمان شێوە. هەموو ئەم پێکهاتانە بە نەتەوە و ڕیشەی مێژوویی کورد بوون و لە مێژوودا بە ناوی کورد گەشەیان کردووە، واتە هەر پێکهاتەیەک، ناوێکی ناوچەیی یان عەشیرەتی هەبووە، بەڵام ناوە گشتییە نەتەوەییەکە کورد بووە.

هەندێک جاریش ئەم پێکهاتانە بە جودا ناویان هاتووە و گوتراوە: کورد و گۆران، کورد و لوڕ، کورد و کورمانج، کورمانج و زازا.. کە ئەم جۆرە ناوهێنانە لە ناو کورد هەتا ئێستاش هەر ماوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە گۆران و کورمانج و زازا، کورد نین، یان دوو نەتەوەی جودان. ئەم جۆرە ناوهێنانە تەنیا جوداکردنەوەی پێکهاتەکانی نەتەوەیە کە ئەوسا و ئێستاش ئەم پێکهاتانە هەندێک تایبەتمەندیی عەشیرەتی و دینی و مەزهەبی و لەهجەییان هەیە.

دوای ئەوە لە سەدەی شازدەم لای شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا جارێکی دی ناوی پێکهاتەکانی کورد جەخت دەکاتەوە و ناوی چوار پێکهاتەی کورد دێنێت: کورمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران، سنووری وڵاتەکەشیان کە کوردستانە دەستنیشان دەکات. واتە دوو سەد ساڵ دوای العمری، شەرەفخان جارێکی دی جەخت دەکاتەوە کە لوڕەکان کوردن. وەک دیارە لەم چوار پێکهاتە دوویان (لوڕ و کەڵهوڕ) سەر بە خوارووی کوردستانن، و زارەکانیشیان کوردیین. ئەم ناسنامە کوردییەی لوڕ هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم درێژەی هەبووە و لە لایەن نووسەران و مێژوونووسان جەختی لەسەر کراوەتەوە و بە ڕوونی ئاماژەی پێ دراوە.

لەڕووی جوگرافییەوەش، ئەم هەرێمە بەردەوام بەشێک بووە لە خاکی کوردستان. لە سەدەی شازدەیەم شەرەفخانی بدلیسی لە شەرەفنامەدا، وڵاتی کوردانی بەم جۆرە دەستنیشان کردووە: «دەستپێکی ویلایەتی کوردستان لە هورمز کە لەسەر کەناری دەریای هیندە، لەوێ بە خەتێکی ڕاست دەست پێ دەکات و درێژ دەبێتەوە تا لە ویلایەتی مەلاتییە و مەرعەش کۆتایی دێت، و لای باکووری ئەم خەتە ویلایەتی فارس و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و ئەرمەنە و لە لای باشووری ئەم خەتە، دیاربەکر و مووسڵ و عێراقی عەرەبە، بەڵام بەش و لقوپۆپەکانی لە ئەوپەڕی ویلایەتی ڕۆژهەڵات تا کۆتایی ویلایەتەکانی ڕۆژئاوای درێژ دەبێتەوە». (بدلیسی، ١٨٦٠: ١٣ – ١٤).

لەم دەستنیشانکردنە ڕوون دەبێتەوە کە پانتایی خاکی کوردستان لەو سەردەمە هەموو ناوچەی لوڕەکانی گرتووەتەوە تا تەنگەی هورمز درێژ بووەتەوە، بەڵام ئەو ناوچەیەی سەر تەنگەی هورمز ئێستا چیدی کورد نەماوە. دەستنیشانکردنی ئەم سنوورە لای شەرەفخانی بدلیسی جارێکی دی ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە کە لوڕەکان لەو سەردەمەدا بە نەتەوە و بە جوگرافیاش وڵاتەکەیان بەشێک بووە لە خاکی کوردستان، و زمانەکەشیان لەهجەیەکی زمانی کوردی بووە.

عەلی ئەکبەر وەقایع نگاری کوردستانی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم ژیاوە، لە دوو کتێبی باسی ڕەگوڕیشەی نەژادی کورد دەکات؛ لە فەرهەنگی« بدائع اللغة» کە لە ساڵی ١٢٨٧ کۆچی « ١٨٧٠ م» نووسراوە، لە پێشەکییەکەی لەبارەی بنەچەی کوردەوە ئاماژە بە هەشت تایفە دەدات کە لە کوردن، ئەمانەن: گۆران، لوڕ، ئەردەلان، کورماج، لولو، مافی و نانەکەلی، لەک، زەند. (کردستانی، ١٣٨٨: ٢٣-٣٠). سەبارەت بە لوڕەکان مەبەستی هەردوو بەشی لوڕی گەورە و لوڕی بچووکە کە سەرزەمینیان بەم شێوەیە دیاری دەکات: «شوێنی نیشتەجێبوونیان لە ئەسفەهانەوە بگرە تا سەرحەدی شوستەر و دزپول دەڕوات، لایەکەوە دەگات بە عێراقی عەرەب و لە لایەکی دیکەوە دەگات بە کوردستانی سنە، لەلایەکی دیکەوە بە هەمەدان، کرماشانیش هەر لە ناو لوڕستانە، ئەو تایفانەش کە ناویان دێت هەموویان لە لوڕ پەیدا بوون.



تایفەی بەختیاری، سوفیوەند، بستیاروەند، سنجاوی، جەلیلوەند». (کردستانی، ١٣٨٨: ٢٦ ). لە کتێبی دووەمی کە بە ناوی «عشایر و ایلات و طوایف کرد» بەدرێژی باسی هۆز و تیرە و تایفە کوردەکان دەکات و جارێکی دی جەخت دەکاتەوە کە لوڕەکان تایفەیەکی کوردن (کردستانی، ١٣٨١: ٣٠). ئەم دەستنیشانکردنەش بەڵگەیەکی دیکەی ڕوونە کە هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش لای نووسەر و فەرهەنگنووسانی کورد، لوڕ تایفەیەکی کورد بووە.


با سەرنجێکی نووسراوی ڕۆژهەڵاتناسان بدەین کە لە سەدەی نۆزدەم و بیستەم بە سەفەر ڕوویان لە ئێران کردووە و لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژیانی عەشیرەتەکانی ئەو هەرێمە کردووە. جێمس ڕیچ لە سەفەرەکەی بۆ کوردستان لە ساڵی ١٨٢٠ لەبارەی بەختیارییەکان دەڵێت: هیچ گومان لە کوردبوونیان نییە و زمانەکەیان زارێکی کوردیی لوڕستانییە (Rich, 1836: 130).

لۆرد جۆرج کورزۆن سیاسەتکاری بەریتانی و گەریدەی جیهانی، لە سەفەرێکی بۆ ئێران لە نێوان ١٨٨٩ – ١٨٩٠ سەردانی ڕۆژئاوای ئێران دەکات و دەچێت بۆ ناو عەشیرەتەکانی کەڵهوڕ و لەک و گۆران و لوڕ و بەختیاری، زانیاریی ورد لەبارەی ژمارە و خێزانی عەشیرەتەکان کۆ دەکاتەوە. دواتر ئەم سەفەرەی لە کتێبێک بە ناوی «ئێران و مەسەلەی ئێران» لە ساڵی ١٨٩٢ لە لەندەن بڵاو دەکاتەوە. کە دێتە سەر ئەسڵ و بنەچەی لوڕ، پرسیار دەکات کە لوڕەکان کێن؟ ئایا فارسن؟ یان تورک؟ یان لە نەژادی سامیین؟ ئەم سێ گریمانەیە بۆ ئەسڵییان پێشنیاز دەکرێ، دواتر دەڵێ وەک دیارە ئەوان « لەهەمان گروپی ئەتنیکی کوردن وەک کوردەکانی دراوسێی سەرەوەی خۆیان، زمانەکەشیان، کە لەهجەیەکی ئێرانییە، و جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کوردیدا نییە» (Curzon,1892: 273-275 ).

هینری فیلد لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی سەبارەت ئەنترۆپۆلۆجیی ئێران، لە ساڵی ١٩٣٩ لە باسی لوڕەکان ئەویش لە کوردبوونی لوڕ ئاماژە بە سەرچاوەکەی کورزۆن دەدات و هەمان زانیاری لەبارەی ئەسڵی کوردبوونیان دووبارە دەکاتەوە. ( Field, 1939: 628).

تەنانەت لای فارسەکانیش هەتا سییەکانی سەدەی بیستەم، لوڕ هەر بەشێک بووە لە کورد. بۆ نموونە لە کتێبی (جغرافیای مفصل ایران) لە نووسینی مەسعود کەیهان کە لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی (١٩٣٢ م) لە تاران چاپ کراوە، کە دێتە سەر ئەو زمانانەی کە لە ئێران قسەیان پێ دەکرێت، ناوی زمانی فارسی و بەلوچی و کوردی دێنێت، لە بارەی زمانی کورییەوە دەڵێت: «کوردی کە بە چەند لەهجە قسەی پێ دەکرێت، هەرچەندە لەهجەی بەختیاری و لوڕی کەمێک لەگەڵ کوردی جیاوازییان هەیە، بەڵام بە هۆی نزیکیی ڕیشەی ئەم زمانانە لەگەڵ یەک، دەکرێ هەر بە کوردی حیساب بکرێن» (کیهان، ١٣١١: ٤٨) ئەمەش دووبارە بەڵگەیە کە لەلایەن فارسەکانیشەوە لوڕی و بەختیاری بە چەند زارێکی زمانی کوردی دانراون. بەڵام لە ساڵانی دواتری سەدەی بیستەم، ئەم جۆرە لێدوانانە سەبارەت بە لوڕ لە کتێبە جوگرافی و مێژووییەکانی ئێران نەما و لوڕ وەک ئەتنیکێکی سەربەخۆ ناویان هات.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمیش لای هەموو کورد لە کتێبە مێژووییەکان و دابەشکردنی زارە کوردییەکان، لوڕ بە کورد و زارەکەشیان بە لەهجەیەکی کوردی دانراوە. مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بەگ لە کتێبە بەنرخەکەی بە ناوی (خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بە پشتبەستن بە ڕاستییە مێژووییەکان،



**نەخشەی کوردستان لە لایەن محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە ساڵی ١٩٣١ کێشراوە**

سەرچاوە: محەمەد ئەمین زەکی بەگ، خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

هەمـــوو هۆزەکانی لوڕی بە کـــورد داناوە و لە نەخشـــەیەکی تایبەت کە ســـەرزەمینی پێکهاتە و هۆزەکانی کوردی دەستنیشـــان کردووە، هەموو لوڕستانی گەورە واتە لوڕی گەورەی بە بەشـــێک لە خاکی کوردستان داناوە. لـــەم بارەیەوە ڕەخنە لـــە بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناســـان دەگرێت کـــە لوڕ بە کورد دانانێـــن و دەڵێت: «بەعزێ موستەشـــرقین بە ســـەبەبی فەرقێکی کەمی شێوە و زمان، قەومی لوڕ، لە میللەتی کورد جوێ ئەکەنەوە و ئەڵێـــن، چونکە زمانەکەیان دەشـــوبهێنە فارســـی، ئەبێ خۆشـــیان نەتەوەی قەومی فارس بن.» (زەکی بەگ، ٢٠٠٦: ٢٢٦ ).

لای نووســـەرانی کـــوردی ئێرانیش، کە ســـەبارەت بە مێژووی کورد و زمانی کوردی و زارەکانـــی لێکۆڵینەوەیان کـــردووە، لوڕ بە کـــورد و زمانەکەشـــیان بە زارێکـــی کوردی دانراوە، وەک شـــێخ محەمـــەدی مەردۆخی کوردســـتانی لە کتێبی «تاریخ مردوخ» (مردوخ کردســـتانی، ١٣٧٩: ١٢٠) و ڕەشـــید یاسەمی لە کتێبی «کرد و پیویســـتگی نژادی و تاریخی او» (یاســـمی،١٣٦٣: ١١٣)، لـــە نیوەی یەکەمی سەدەی بیســـتەم، ئەم دوو نووسەرە، ئەم دوو کتێبە سەبارەت بە ئەسڵ و ڕیشەی نەتەوەی کورد بڵاو دەکەنەوە. هەرچەندە ئەم دوو کتێبە بۆ ئامانجی پانئێرانیســـتی نووسراون، دەوڵەتی ئێران ڕایسپاردوون کتێب سەبارەت بە مێژووی کورد بنووســـن و ڕیشـــەی کورد ببنەوە سەر نەژادی ئێرانی، بەڵام لە باسی لوڕ نەیانتوانیوە ڕاســـتییە مێژووییەکان هەڵگێڕنەوە و نکوولی لە کوردبوونی لوڕ بکەن. لە کتێبێکی دیکەی تایبـــەت لەبارەی زمانی کـــوردی و زارەکانی، محەمەد مورتەزایـــی پێی وایە کورد و لوڕ لە ڕووی شـــێوەی ڕووخســـار و قیافە و حاڵەتی ڕۆحـــی و دابونەریت و بەڵگـــەی مێژوویی و جوگرافی و ئەدەبیاتی میللی، هەروەها لەڕووی فۆنەتیکی تایبەتی زمانەوەش یەکن، لوڕییش زارێکـــی زمانی کوردییە (مرتضائی، ١٣٥٧: ٥٦ – ٦٣).

لە هەموو دابەشـــکردنەکان کە لە لایەن کوردەوە بۆ زارە کوردییەکان کراون، لوڕی بە زارێکی کوردی دانراوە. لە هەموو نەخشەکانی کوردستانیش کە لە لایەن کوردەوە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم کێشراون، لوڕستان هەتا ســـەر خەلیج بە کوردســـتان دانراوە، بە تایبەت لە نەخشە مێژووییەکەی ساڵی ١٩٤٧ کە لە قاهیرە لە نامیلکەیەک بە ئینگلیزی بڵاو کراوەتەوە، هەموو لوڕســـتان هەتا سەر خەلیج بە کورســـتان دانراوە (Anonymous,1947 ، حەمەخورشید، ٢٠٢٠).

بـــەم پێیـــە، هەمـــوو بەڵگـــە مێژوویی و زمانەوانی و ئەتنۆگرافییـــەکان هەتا کۆتاییی ســـەدەی نـــۆزدەم و ســـەرەتای ســـەدەی بیستەمیش کوردبوونی لوڕەکان دەسەلمێنن. بەڵام لە ســـەرەتای سەدەی بیســـتەمەوە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپی ڕێبازێکی نوێ هاتە کایەوە کە نەتەوە و گروپە ئەتنیکییەکان لەســـەر بنەڕەتی جیاوازیـــی زمانەوانی پۆلێن دەکـــران و بەبێ گەڕانـــەوە بـــۆ پەیوەندییە مێژوویی و نەتەوەیی و ئەتنۆگرافییەکان، هەر لەســـەر ئەم بنەڕەتە بۆ یەکەمجار ئۆسکار مان لە ساڵی ١٩١٠ لە ڕۆژئاوای ئێران لێکۆڵینەوە لە ســـەر زارەکانی هەرێمی لوڕستان دەکات و بەپێی بەڵگەی زمانەوانی بە ئەنجامێک دەگات کە لـــوڕەکان لەگەڵ کورد جیـــاوازن، چونکە زمانەکەیـــان دەچێتەوە ســـەر کۆمەڵە زمانی باشـــووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکان و زارە کوردییەکانـــی دی دەچێتەوە ســـەر باکووری ڕۆژئـــاوا. ئـــەم ئەنجامەی کە ئۆســـکارمان بە دەســـتی هێنا، لە مەڵبەنـــدە ئەکادیمییەکانی ئەوروپا پێشوازیی لێ کرا و وەک ڕاستییەکی ئەکادیمـــی مامەڵەی لەگەڵ کـــرا. دواتر هەر لە نیوەی یەکەمی ســـەدەی بیســـتەم هەموو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان وەک مەیجەر ســـۆن، ڤلادیمێر مینۆرسکی، دەیڤید مەکەنزی، باســـیل نیکتیـــن، ئیدمۆندز، .. تاد لەســـەر هەمان ڕێڕەوی ئەکادیمی ڕۆیشـــتن و جەختیـــان کـــردەوە لـــوڕەکان( لـــوڕی – بەختیاری) کورد نین و ئەتنیکێکی سەربەخۆن و زمانەکەشیان زارێکی زمانی کوردی نییە، بۆ ئەمەش مەبەســـتیان لوڕەکانی ناوچەی کۆنی لوڕی گـــەورە بوو نـــەک کوردەکانی ناوچەی لوڕی بچووک، یان کوردیی خواروو( کەلهوڕ و لەک، فەیلی،..) (قمندار، ٢٠١٤: ٦٢).

لە سەرەتای ســـەدەی بیستەم قۆناغێکی گرنگ لە مێژووی ئێران دەســـت پێ دەکات، کە ســـەردەمی دەوڵەت – نەتەوەیە. هەر لەم قۆناغـــەش لوڕەکان بە تـــەواوی لە کوردبوون دابـــڕان. لە ســـاڵی ١٩٢١ حوکمڕانـــی ڕەزا شـــا(١٩٢٥ – ١٩٤١) بـــە نـــاوی بنەماڵەی پەهلەوی، لە ئێران دەسەڵات دەگرێتە دەست. ڕەزا شا، هەر لە ســـەرەتای حوکمڕانییەکەی دەیویست دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە ناسنامەی ئێرانـــی و بە یەک زمان دروســـت بکات، کە ئەویش زمانی فارســـییە، لە هەوڵی ئەوەشـــدا بـــوو کـــە ئێـــران دەوڵەتێکی مەرکـــەزی و خاوەن ســـوپایەکی نوێی بەهێز بێت، خاوەن سیستەمی حوکمڕانی کە لە هەموو سووچێکی وڵاتەکە یەک قانوون و یەک حکوومەت بێت، هەر بۆیە زۆر دژی سیســـتەمی عەشایەری و دەرەبەگی بوو، کە وەک دەوڵەتێک وابوو لە ناو دەوڵەتێکدا. دەیویست هەموو عەشیرەتەکانی ناو ئێـــران ملکەچی یەک قانوونی حکوومەتی مەرکەزی بن. شـــێوازی ژیانی عەشـــایەری و کۆچەریی زۆر پێ دواکەوتوو بوو، عەشیرەت و هۆزی پێ کۆسپێکی گەورە بوو بۆ پێشکەوتنی وڵات و بە مۆدێرنکردنی، بۆیە لە سەرانسەری ئێران لە دژی عەشـــیرەت جەنگا. لەم ڕووەوە هەرێمی لوڕستان کە ناوچەیەکی عەشیرەتی و والینشـــینی نیوەســـەربەخۆ بـــوو، دەبوایە لەگەڵ ئەم سیستەمە عەشایەرییەی لوڕستان ڕووبەڕوو بێتەوە. لە نێوان ســـاڵانی ١٩٢٢ تا ١٩٢٨ شـــەڕ و ململانێیەکی تونـــد لە نێوان عەشیرەتەکانی لوڕستان و سوپای حکوومەتی

مەرکەزی ڕوو دەدات. ڕەزا شا سوپا دەنێرێت بۆ لوڕستان بە تایبەت بۆ ناوچەی پێشکۆ واتە شوێنی نیشـــتەجێبوونی عەشیرەتەکانی لەک و لوڕ، بۆ ســـەرکووتکردنی عەشـــیرەتەکان و ملکەچکردنیان بە دەسەڵاتی مەرکەزیی ئێران. دوای شـــەڕ و کوشـــتارێکی خوێناوی، سوپا توانیویەتی ئەو هەرێمـــە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خـــۆی، ئـــەو ســـەرۆک عەشـــیرەتانەش کە ســـەرپێچییان کردبوو لە سێدارە دران. ئەوجا عەشیرەتەکان لە چەک دادەماڵێت، و هەندێک عەشیرەتیش بە زۆرەملێ بۆ خۆراسان کۆچ پێ دەکات؛ عەشیرەتە کۆچەرییەکانیش نیشتەجێ دەکات و ئەو ئابوورییەی کە عەشیرەت هەیبوو لەناوی دەبات، دواتـــر هەوڵ دەدات ناچاریان بـــکات واز لـــە جلوبەرگـــی خۆیـــان بێنن و جلوبەرگی نوێ لەبەر بکەن و کڵاوی پەهلەوی لەسەر بکەن، بەڵام بۆ ئەمە سەرکەوتوو نەبوو، تەنیا ئەوانەی کارمەندی حکومەت بوون پێی پابەند بوون. بـــە کۆنترۆڵکردنی ئەم هەرێمە، ڕەزا شا ئەو سیستەمە عەشیرەتییەش کۆتایی پێ دێنێـــت کە بۆ ماوەی نزیک بە هەشـــت سەدە لە لوڕستان بە شێوەی نیمچە سەربەخۆ فەرمانـــڕەوا بوو، پێـــی دەگوترا والینشـــینی (Amanolahi, 2002: 193-218). کۆتایـــی هێنان بە سیستەمی والینشـــینیی لوڕستان، دەبێتە هـــۆی پچڕاندنی هەمـــوو پەیوەندییە عەشـــیرەتییەکان کە خەڵکەکە بۆ ماوەیەکی درێژ پێـــوەی پابەند بـــوون، دوای ئەوە، ئەم هەرێمە ڕاســـتەوخۆ بە دەسەڵاتی حکوومەتی مەرکەزی لە تاران دەبەســـترێتەوە. ئیدی بۆ ئەم دەســـەڵاتە مەرکەزییە ئاسان دەبێت لەو هەرێمـــە قانوونەکانـــی حکوومەت بە ســـەر خەڵکەکـــەدا جێبەجـــێ بکات، کـــە ئەویش سیاسەتی یەکســـانکردنی هەموو ئێران بوو بە یەک نەتەوە و یەک فەرهەنگ و یەک زمان.

ڕەزا شـــا هەر بۆ تۆڵەکردنەوە لە لوڕەکان بە ئەنقەست جارێکی دی سیستەمی ئیدارەی هەرێمەکـــە دەگۆڕێت، لە ناوچەی پشـــتکۆ، ئوستانێکی نوێ دادەمەزرێنێت بە ناوی ئوستانی ئیلام، ناوچەی کرماشـــان و خوزســـتانیش بۆ چەندین ســـاڵ بە یەکەوە دەلکێنیت، دواتر لە سەردەمی حوکمڕانی محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١ – ١٩٧٩) پشتکۆ و لوڕســـتان دەکرێنەوە بە دوو ئوستان. (Amanolahi, 2002:215).

بـــەم پێیـــە لـــە ســـەردەمی دەوڵەت – نەتەوە لە ئێران، لوڕســـتان ئەو دەســـەڵات و هێزە عەشـــیرەتییەی نامێنێـــت، و ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی دەبێت. دەوڵەتی ئێرانیش بۆی ئاسان دەبێت، ئەم هەرێمە ناسنامەیەکی نوێی پێ ببەخشـــێ و بیـــکات بە ئێرانی و لە ناســـنامەی کوردبوون دووریان بخاتەوە، ئەم هەنگاوەش لە ڕێی خوێندن بە زمانی فارســـی و پەروەردەکردنیـــان بوو بە فەرهەنگی ئێرانی و مێژووی پڕ لە شـــانازیی نـــەژادی ئاریایی و ئێرانی. ئیدی لە ماوەی نزیک بە ســـەد ساڵ ئاسمیلەکردنی لوڕەکان، کۆمەڵگەیەکی نوێی بەرهەم هێنا کە چیدی خۆیان بە کورد نەزانن و خۆیان بە لوڕ و ئێرانی بزانن و شانازی بکەن بە ناسنامەی ئێرانییان.

ئەم سیاســـەتەی دەوڵەتـــی ئێران لەگەڵ لوڕەکان هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، هەوڵ دەدات هەمـــوو پێکهاتەکانـــی ئەم هەرێمە لە کوردبـــوون داماڵێت و بیانـــکات بە نەتەوەی سەربەخۆ و زارەکانیشیان بە زمانی سەربەخۆ. هـــەر لەســـەر هەمـــان ڕەوتـــی تواندنەوەی فەرهەنگی و زمانیی ئـــەم پێکهاتانەی کورد، لە ســـاڵی ٢٠١٧ میراتـــی فەرهەنگیی ئێران بە ڕەســـمی زاری کوردیی لەکیی بە زمانێکی ســـەربەخۆ ناســـاند، بۆ ئەوەی چیدی زارێکی زمانی کوردی نەبێـــت، لەکەکانیش بکات بە نەتەوەیەکی ســـەربەخۆ و چیـــدی خۆیان بە کورد نەزانن.

لەم مێژووە ڕوون دەبێتەوە، ئەگەر لوڕەکان ناســـنامەی کوردبوونیان لەدەست داوە، ئەمە خۆبەخشـــانە نەبووە، بەڵکوو بە پرۆســـەیەکی درێژخایەنی داماڵین لە ناســـنامەی کورد بووە و بە زۆر کراون بە لوڕ و ئێرانی، ئەم پرۆســـە ئاســـمیلەکردنە فەرهەنگییـــە، لـــە ئەدەبیاتی جینۆســـاید پێـــی دەگوتـــرێ جینۆســـایدی ســـپی، کە ئەو کۆمەڵە خەڵکـــە ڕێگەیان پێ نادرێ بە زمانـــی خۆیان بخوێنن، بەزۆر زمان و فەرهەنگێکـــی دیکەیـــان پـــێ دەدرێ، لە فەرهەنگی ڕەسەنی خۆشیان نامۆ دەکرێن، تا لەئەنجامدا لەسەرخۆ دەتوێنەوە و ون دەبن.

لە دوای سییەکانی سەدەی بیستەم هەتا ئێســـتا لە هەموو کتێب و ســـەرچاوەکان، لە کتێبەکانـــی پرۆگرامی خوێندن و لە ئەتڵەس و نەخشـــەکان کە لە ئێران دەخوێندرێ، لوڕ وەک نەتەتەوەیەکی ســـەربەخۆ ناوی هاتووە، هـــەوڵ دراوە هەرچـــی پەیوەندییەکـــی لـــە ڕابردوو بە کوردەوە هەیبـــووە ون بکرێت، لە کتێبە مێژووییەکان کە لـــە ئێران دەردەچن سەبارەت بە مێژووی لوڕ و بەختیاری، هەرگیز ئامـــاژە بەو مێژووە نادرێ کـــە لوڕ لە ڕابردوو بە ڕیشـــەی نـــەژادی و نەتەوەیی کورد بوون، بەم پێیە، قەناعەتیـــان بە لوڕی – بەختیاری کرد کە ئەوان کورد نین و گرووپێکی ئەتنیکی ســـەربەخۆن، لە بیریان بردنەوە کە ئەوان بە ڕیشـــەی مێژوویی و زمان و فەرهەنگ کورد بوون.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەســـەر لوڕ، هاتە نێـــو توێژەرانی کوردیش کـــە بڵێن ئیدی لوڕ کورد نەمـــاون و تازە ناکرێ بـــە کورد گرێ بدرێنەوە، بێئاگا لەو پاشـــخانەی کە بە ســـەر لوڕستان هاتووە لە چەوسانەوە و بێبەشکردنیان و نامۆکردنیان بە ناسنامەی کوردی.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ لوڕ، کە لە ســـەرەتا ڕوانگەیەکی ڕۆژهەڵاتناســـی بـــوو و دواتریش بـــوو بـــە پرۆژەیەکـــی دەوڵـــەت – نەتەوەی ئێرانـــی، لە نێو هەموو ئێرانناس و کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی و ڕووسی و ئەرمەنی پەیڕەویی لێ کرا و بوو بە ڕاستییەکی زانستیی حاشاهەڵنەگر. دواتر هەر ئەم بۆچوونە هاتە نێو نووسەران و توێژەرانی کوردیش بە کاریگەریی ئەم میتـــۆدە ڕۆژهەڵاتناســـییە نکوولییان لە کوردبوونـــی لوڕ کـــرد. بۆ نموونـــە د. کەمال فوئاد (فوئـــاد، ١٩٧١: ١٦ -٢٢) یەکەم کوردێک بوو لە دابەشـــکردنێکی بـــۆ زارە کوردییەکان، لوڕی بە کوردی نازانێت، هەروەک خۆیشـــی لە ســـەرەتای وتارەکەی ئاماژەی پێ داوە کە بۆ ئەم دابەشـــکردنە کەڵکی لە کوردناسی بە ناوبانگـــی ئەڵمانی ئۆســـکارمان وەرگرتووە. لە هەمووی سەیرتر فەیلییشی بە کورد نەزانیوە، چونکە پێی وابووە ئەویش لوڕییە.

ناوچـــەی لوڕســـتان لـــە نەخشـــەکانی کوردســـتانیش لابـــران، لـــە دوای نیـــوەی دووەمی ســـەدەی بیســـتەم لەو نەخشـــانەی کوردســـتان کە لە لایەن کوردەوە دروســـت کـــران، زۆربەیان ناوچەی لوڕســـتانی لەگەڵ نییە، کە گوایە ئەم هەرێمە کوردستانی نییە. هەندێک نووســـەری کورد لە بێگانەکان زیاتر هەوڵی بچووکردنەوەی نەخشەی کوردستانیان داوە، بـــۆ نموونـــە د. ئەمیر حەســـەنپوور لە دکتۆرانامەکەی، نەخشـــەیەکی دابەشکردنی جوگرافیـــی زارە کوردییەکانـــی کێشـــاوە، لە زۆر شوێن وەک پێویســـت ناوچەکانی زمانی کوردیی دەستنیشـــان نەکردووە. بۆ ناوچەی لوڕســـتانیش نەک هەر هەرێمی لوڕســـتانی لەگـــەڵ نییە، بەڵکـــوو ناوچەکانی ئاخێوەرانی کوردیی خوارووشی بە نیوەچڵی داناوە، نیوەی پانتایی جوگرافییەکەی لێ قرتاندووە؛ ئوستانی ئیلام و ناوچەکانی باشـــووری کرماشـــان، بە ناوچەکانی لەکەکانەوە هەمووی لە نەخشـــەی زمانی کوردی بڕیوە(Hassanpour, 1992: 51).

لـــە ماوەی ســـەد ســـاڵی ڕابـــردوودا کە دەوڵەتی ئێـــران، دەوڵەت - نەتەوەی بە یەک زمان ســـاز کردووە، کوردە لـــوڕەکان لەگەڵ کوردەکانی ســـەرەوەی خۆیان زیاتر لە یەک دابـــڕاون و ئاڵوگۆڕی فەرهەنگییـــان پێکەوە نەبووە، بـــۆ ئەوەی فەرهەنگێکی هاوبەشـــیی نەتەوەییـــان هەبێـــت. لە لایەکـــی دیکەوە، پێکهاتـــەی مەزهەبیـــی دانیشـــتوانەکەی کە

شیعەیە، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەگەڵ کوردە سوننییەکان تێکەڵ نەبن و لە یەکیش دوورکەونەوە و زیاتر بە دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەستەوە گرێ بدرێن کە ئەویش فارسە و شیعەیە. ئەمە بێجگە لەوەی گەشەی ئابووری لە نێو لوڕەکان سستە و پێکهاتەی دانیشتوانەکەی هێشتا عەشایەرییە، ئەمانەش دوو هۆکاری سەرەکین کە لەم پێکهاتە کۆمەڵایەتی- ئابوورییە، زمان و نەتەوایەتی گەشە نەکات. لە لایەکی دیکەوە، هەرێمی لوڕستان هەمیشە لە بزاڤی نەتەوایەتیی کورد دوور بووە، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەییی کورد زیاتر لە ناوچەی کوردە سوننییەکانی وەک مەهاباد و `سەقز و سنە و مەریوان بووە و نەگەیشتووە بە ناوچەی کرماشان و ئیلام و لوڕستان، بۆیە ئەم هەرێمە کوردنشینە هەستی نەتەوایەتییان و ئینتیمایان بۆ کورد لاواز بووە و زیاتر ناسنامەی ئێرانی و شیعەگەری زاڵ بووە نەک ناسنامەی نەتەوەیی. هۆکارێکی دیکەی گرنگ، پەراوێزبوونی زارەکەیانە، کە بە دەگمەن نەبێت دەقی ئەدەبیی نووسراو، یان بزاڤێکی ئەدەبیی دەوڵەمەندی کوردی بەم زارانە نەبووە وەک لە زارەکانی دیکەی کوردیی باکوور و ناوەندی و گۆراندا هەبووە.

ئەوەی لەم هەرێمە هەتا ئێستا بە خۆڕاگری بە کورد ماوەتەوە، کوردەکانی ئوستانی کرماشان و ئیلامە کە بە زارێکی کوردیی خوارو قسە دەکەن. دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەوانیش لە هەوڵدایە لە کوردبوون دووریان بخاتەوە و ئەوانیش لە نێو بۆتەی زمانی فارسیدا بتوێنێتەوە. لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا ئاسمیلەکردنی زمان لە کرماشان زۆر بە چڕی دەستی پێ کردووە، زۆرینەی دانیشتوانی کورد بە ڕادەیەک ڕووبەرووی تواندنەوە بوونەوە کە ناتوانن بە کوردی قسە بکەن و زمانیش بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناگوێزرێتەوە بۆ منداڵەکانیان، ئەگەر ئەم هەلومەرجە زمانییەش بەم شێوەیە بەردەوام بێت، لە کۆتاییدا زمان و ناسنامەیان ون دەکەن و بە نەتەوەی سەردەستی فارس دەبەسترێنەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم پاشخانە مێژووییە کە لوڕ هەر کوردبوون و لەم سەد ساڵەی دوایی بە زۆر ئاسمیلە کراون؛ لەم توێژینەوەیەدا بەدەر لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسی و سیاسەتی فەرهەنگی و زمانیی دەوڵەتی ئێران، لە ڕوانگەیەکی کوردانەوە سەیری لوڕەکان کراوە بۆ ئەوەی جارێکی دی بە نەتەوەی کورد ئاشنا بکرێنەوە و پرۆسەی خۆناسینەوە دەست پێ بکاتەوە. هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا، زارەکەیان لە ڕیزی زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان دانراوە و لەسەر نەخشەی دابەشبوونی جوگرافیی زارە کوردییەکانیش شوێنەکەی دیاری کراوە.

## دابەشکردنێکی نوێ بۆ زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان

بە گوێرەی سەرچاوە و توێژینەوەی نوێ سەبارەت بە زارەکانی ئەم ناوچەیە، دەکرێ دابەشکردنێکی نوێ بۆ زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە بکرێتەوە، کەموکوورییەکانی دابەشکردنەکانی پێشوو ڕاست بکرێتەوە. ئەم هەرێمە کوردنشینە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سێ کۆمەڵە زاری کوردیی هەیە کە ئەمانەن: کوردیی خواروو: کەڵهوڕی، لەکی، ئەوجا کوردیی لوڕی. گەورەترین زاری ئەم ناوچەیە کوردیی خوارووە کە بە کەڵهوڕی ناوی براوە. وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا کە زمانەوان و توێژەرانی کورد بە تایبەت لە باشووری کوردستان، هەموو زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمەیان بە لوڕی ناو بردووە، کە ئەمە دابەشکردنێکی هەڵە بووە و پێویستە ئەم زارانە لە یەک جودا بکرێنەوە، ناوی لوڕ لەسەر ئەم پێکهاتانە لاببرێت کە لوڕ نین.

هەردوو پێکهاتەی دانیشتوانی خوارووی



کوردستان کە بە کەڵهوڕ و لەک ناسراون زارەکانیان لە هەموو ڕوویەکەوە لە یەک نزیکن، لەکی بە هۆی نزیکی لە ڕووی جوگرافییەوە لە کەڵهوڕی بەتایبەت لە کرماشان لە ڕووی فەرهەنگۆکی وشە و ماناناسییەوە نزیکیان هەیە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتی ڕێزمانییەوە جیاوازییان هەیە بەتایبەت لە لایەنی ئێرگەتیڤ کە لە لەکی هەیە و لە کەڵهوڕی نییە (قمندار، ٢٠١۴: ٧٩) هەر بۆیە لەکی بە زارێکی سەربەخۆ دانراوە. زمانەوانی کەنەدی ئەریک جۆن ئانۆنبی[۴] لە توێژینەوەیەکی بەراوردی زمانەوانی لەبارەی لەکی و پەیوەندیی لەگەڵ کەڵهوڕی و لوڕی ئەنجام داوە، دەیسەلمێنێت لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە لەکی لە کەڵهوڕی نزیکترە هەتا لوڕی، چونکە لە ڕووی دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان لەکی لەگەڵ کوردی سەر بە باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە، بەڵام لوڕی و فارسی سەر بە باشووری ڕۆژئاوایە، بەپێی ئەم داتا زمانییە ئەم زارە سەر بە کۆمەڵە زارە کوردییەکانە (Anonby, 2004: 7-22) بۆیە لەکی و کەڵهوڕی پێکەوە لەیەکگەیشتنیان هەیە، بەڵام کوردێکی کەڵهوڕی ڕەنگە بە زەحمەت لە بەختیارییەک تێ بگات. لوڕی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەنگسازی و ڕێزمانیی هەیە لە کەڵهوڕی و لەکی جودای دەکاتەوە. ئەگەر تەماشای نەخشەی زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان بکرێ، لەکی وەک پردی پەڕینەوەیە لە نێوان کەڵهوڕی بەرەو باشوور بۆ زاری لوڕی، ئەمەش زنجیرە دیالێکت dialect continuum [۵]ی نێوان زارە کوردییەکان نیشان دەدات، کە زارەکان لە دوای یەک جیاوازییەکانیان پەرە دەستێنی و لە یەک دوور دەکەونەوە، لە نێوان هیچ زارێکی کوردی دابڕاینێکی کتوپڕ و نائاسایی نییە، چونکە هەموو زارەکان درێژبوونەوەی یەک زمانن، کە ئەویش زمانی کوردییە.

بەهۆی نزیکی لوڕی لە فارسی هەندێک زمانەوانی ئێرانی، لوڕی بە زارێکی فارسی دادەنێن، بەڵام ئەمە ڕاست نییە چونکە لوڕی لە ڕووی دەنگسازی، وشەسازی، واتاسازی و فەرهەنگۆکی وشەش لەگەڵ فارسی جیاوازە (Anonby, 2003: 177)، هەروەها بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە لە کوردی نزیکترە، ئەمە هەرچەندە فارسی وەک زمانی باڵادەستی وڵاتەکە و زمانی ڕەسمیی خوێندن بۆ سەد ساڵ لە قوتابخانەکان، هەموو زمان و زارەکانی نێو ئێران(زمانە ئێرانییەکان) زۆر بەچڕی لە فارسی نزیک بوونەوە، ئەم کاریگەرییە لەسەر لوڕی زیاتر بووە هەتا زارە کوردییەکانی دی، چونکە لە نێو لوڕەکان هەستی نەتەوایەتی نەبووە تا زمان بکات بە ئایدیۆلۆجیای نەتەوایەتی و خزمەتی بکات، بۆیە لوڕی زۆر کەم خزمەت کراوە، هەرگیز نووسین و خوێندنی پێ نەکراوە، نەبووە بە زارێکی ئەدەبی، ئەگەر لە سەردەمی کلاسیک چەند دەقێکی ئەدەبیی پێ نووسرابێت، بەڵام لە سەردەمی دەوڵەت – نەتەوەی ئێراندا زۆر بە توندی سەرکووت کراوە و ئاسمیلە کراوە، بە دەگمەن نەبێت ڕێگەی پێ نەدراوە گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک، یان چەند کتێبێک بە لوڕی بڵاو بکەنەوە. هەروەها فراوانیی پانتایی جوگرافی ئاخێوەرانی لوڕ کە هەتا سەر خەلیج درێژ بووەتەوە، شێوەزارەکان لە یەک دوور کەوتوونەتەوە، و ئاخێوەرانیان بە زەحمەت لە یەک تێ دەگەن. بۆ نموونە کەسێکی بویرئەحمەدی کە سەر بە لوڕی باشوورە لەگەڵ کەسێکی لوڕی بەختیاری بە ئاسانی لە یەک تێ ناگەن، کاتێک دەگەن بەیەک، پێکەوە بە فارسی قسە دەکەن (Anonby, 2003: 179).

لوڕی چوار هۆزی گەورەی هەیە: بەختیاری، بویر ئەحمەدی، کۆهگلۆیی، مامەسەنی، هەر یەک لەم هۆزانە شێوەزارێکی خۆیان هەیە، ئەم شێوەزارانە وەک پێویست لێکۆڵینەوەی زمانەوانییان لەسەر نەکراوە بۆ

ئەوەی جیاوازییەکانیان ڕوون بکرێتەوە و ئایسۆگلۆس Isoglosses[٦]ی شێوەزارەکان لەسەر نەخشە نیشان بدرێ، هەر بۆیە لە پۆلێنکردنی شێوەزارەکانی لوڕی، ناوی ئەم چوار هۆزە وەک چوار شێوەزاریش هاتووە. زمانەوانی ناوبراو ئانۆنبی، لە ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠١ بۆ ماوەی نۆ مانگ بە مەیدانی لە لوڕستان لە سەر شێوەزارەکانی لوڕی کاری کردووە، لە توێژینەوەکی بەراوردی شێوەزارەکان، لە سەر بنەڕەتی لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتن و شیکردنەوەی ئاماری وشەکان Lexicostatistics[٧]، سێ شێوەزاری لوڕیی لە یەک جودا کردووەتەوە، کە ئەمانەن: لوڕیی لوڕستانی واتە زاری ئوستانی لوڕستان کە بە زاری ڕۆژئاواش ناو دەبرێ، لوڕیی بەختیاری، واتە زاری هۆزی لوڕی بەختیاری، لوڕیی باشوور، کە ئەوانیش هەرسێ هۆزی لوڕی لە باشوور: بویرئەحمەد، کۆهیگلو، مامەسەنی دەگرێتەوە. لەم توێژینەوەیە بۆ پۆلێنکردنی شێوەزارەکانی لوڕی، سوود لە هەمان دابەشکردنی ئانۆنبی وەردەگرین.

بەپێی ئەم داتا زمانەوانییە، بەهۆی نزیکیی کەڵهوری و لەکی لەگەڵ یەک، لەم دابەشکردنە پێکەوە دانراون، بەڵام دوو کۆمەڵە زاری جودان، زاری لوڕییش وەک زارێکی خوارووی کوردستان، ئەویش بە جودا دانراوە.

## زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان

**١ زاری کوردیی خواروو:**

- کوردیی خوارووی کەڵهوری: کەڵهوڕی، کرماشانی، فەیلی، سنجاوی، کولیایی، کوردەلی. (قمندار، ٢٠١٤).
- کوردیی خوارووی لەکی: کوودەشتی، هەرسینی، ئەڵشتەری. (شهسواری، ١٣٩٤).

**٢ زاری کوردیی لوڕی:** لوڕی لوڕستانی (لوڕی ڕۆژئاوا)، لوڕی بەختیاری، لوڕی باشوور (بویرئەحمەد، کۆهیگلو، مامەسەنی)، (Anon-by, 2003: 179).

لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر زاری کوردیی خوارووی کەڵهوڕی کراوەتەوە، چونکە باسکردنی هەموو زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەیە.

## دیالێکتی کوردیی خواروو

کوردیی خواروو زارێکی سەرەکیی زمانی کوردییە، لە دوای کوردیی باکوور (کورمانجی) و کوردیی ناوەندی(سۆرانی) لە ڕووی پانتاییی جوگرافی و دانیشتوانەوە بە سێیەم زاری سەرەکیی کوردی دادەنرێت. زیاتر لە سێ ملیۆن کورد بەم زارە قسە دەکەن کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن، بەشێکیش لە باشووری کوردستان.

ئاخێوەرانی ئەم زارە و هەموو زارەکانی دیکەی خوراووی کوردستان بە پێکهاتەی ئایینی، سەر بە مەزهەبی شیعەی ئیمامین. بێجگە لە کوردی گۆران کە لە ڕۆژئاوای کرماشان نیشتەجێن، زۆرینەیان بە دین ئەهلی هەق یان یارسانن. وەک لە مێژوو باس دەکرێ گۆرانەکان بە زاری کوردیی گۆران قسەیان کردووە، بەڵام دواتر لە نێو کوردیی خواروو ئاسمیلە بوون و ئێستا چەند گوندێکیان ماوە بە گۆرانی قسە دەکەن، ئەوانی دی هەموو بە کوردیی خواروو قسە دەکەن.

ئەم زارە لە هەموو ئاستەکانی زمان لە زاری کوردیی ناوەندی نزیکە و بەتایبەت هەردوو بنزاری گەرمیانی و ئەردەلانی کە لە ڕووی جواگرفییەوە هاوسێی کوردیی خواروون، لە ڕووی ڕێزمانەوەش زیاتر لە یەک نزیک دەبنەوە، کوردیی خوارووش لەگەڵ لەکی و لوڕی تەواوکەری یەکدین بەرەو خوارووی کوردستان تا سەر خەلیج. لەم بەشە باسی ناوە هەمەچەشنەکانی ئەم زارە دەکەین، لەگەڵ شوێنی جوگرافیی ئاخێوەرانی و بنزارەکانی و کورتە مێژووییەکی زارەکەش دەخەینە ڕوو.

## ناوە هەمەچەشنەکانی کوردیی خواروو

ئەم زارە کوردییە، وەک هەموو زارەکانی دیکەی کوردی بە چەند ناوی جیاواز ناسراوە، وەک کوردی، کەڵهوڕی، لوڕی، فەیلی، کرماشانی .. بەڵام وەک دیارە هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستاش لای کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی، زارەکەیان بە کوردی ناو دەبەن، کوردیی ناوەندیش کە ئەمڕۆ زیاتر بە سۆرانی ناسراوە، لای کۆمەڵگەی ئاخێوەرانی، ئەوانیش زارەکەیان بە کوردی ناو دەبەن. لەم باسە ناوە جۆراوجۆرەکانی ئەم زارە شی دەکەینەوە و ڕاسترین ناویش پێشنیاز دەکەین.

ئەگەر لە کۆنترین دابەشکردن بۆ زارەکان دەست پێ بکەین کە دابەشکردنەکەی شەرەفخانی بدلیسییە: کورمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران» (بدلیسی،١٣٤٣: ٢٣).، لەم دابەشکردنەدا کەڵهوڕ وەک پێکهاتەیەکی کورد و زارێکی کوردی ناوی هاتووە. بەڵام لە دابەشکردنەکانی دواتر کە لە لایەن توێژەرانی کوردەوە بۆ زارە کوردییەکان کراون، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، لە زۆربەی دابەشکردنەکان، ئەم زارە کوردییە بە لوڕی یان کەڵهوڕی ناوی هاتووە، و هەندێک جاریش بە کوردی جنوبی و کرمانجیی باشوور ناوی هاتووە. زاڵبوونی ناوی کەڵهوڕی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەورەترین عەشیرەتی ئەم ناوچەیە کە بەم زارە دەدوێن کەڵهوڕە، هەر بۆیە ئەم ناوە زاڵ بووە بە سەر زارەکەدا، بەڵام لە ڕاستیدا کەڵهوڕی تەنیا بنزارێکی سەر بەم دیالێکتە گەورەیە.

مەیجەر سۆن لە ساڵی ١٩٠٩ چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری کرماشانی لە گۆڤارێک لە لەندەن بڵاو کردووەتەوە. لەباسی زارەکە، هەموو زارەکەی بە کوردیی خواروو (Southern Kurdish) ناو بردووە، بەڵام ئەو گۆرانییانەی کە بڵاوی کردوونەتەوە سەر بە بنزاری کرماشانین. (Soane,1909)

لە دابەشکردنێکی تەوفیق وەهبیدا، ناوی ئەم زارە بە لوڕی هاتووە و کەڵهوڕییش وەک بنزارێکی ئەم زارە لوڕییە ناوی هاتووە، کە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ داوە: کۆمەڵە شێوەی لوڕی: کەڵهوڕی، لەکی، فەیلی، لوڕی، بەختیاری، مامەسانی - کۆهگلویی. (وهبی بەگ، ١٩٤٠: ٢٧ - ٣٠ )

کوردناسی ئینگلیز، دەیڤید مەکەنزی، لە توێژینەوەیەک لەبارەی زاری کوردیی ناوەندی و باکوور، زمانی کوردیی بۆ سێ کۆمەڵە زار دابەش دەکات و ئەم کۆمەڵە زارەی خواروو بە کۆمەڵە زاری کوردیی خواروو ناو دەبات. (Mackenzie, 1961: 17 -21)

د. کەمال فوئاد لە دابەشکردنێکی بۆ زارە کوردییەکان، کوردیی خوارووی بە کوردیی باشوور ناو بردووە کە چەند بنزارێکی هەیە، بەم شێوەیە: کوردیی باشوور: کولیایی، کەلوڕی، لەکی، خانەقینی. (فوئاد، ١٩٧١: ١٦ -٢٢)

لە دابەشکردنێکی جەمال نەبەز بۆ زارەکان ناوی ئەم زارە لەگەڵ هەموو زارەکانی دی بە کرمانجی ژێروو هاتووە: کرمانجیی ژێروو: فەیلی، کرماشانی، لەکی، کەڵهوڕی، خانەقینی، لوڕی. (نەبەز، ١٩٧٦: ٢٣) بەکارهێنانی ناوی کرمانجی بۆ کوردیی خواروو هیچ پەیوەندییەکی عەشیرەتی و ئەتنیکیی لە هەرێمەکەدا نییە، ئەم ناوە وەک ناوی زمانی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بۆ زارەکان بەکار هاتووە.

لە دابەشکردنێکی زارەکان لای عەبدولرەحمان ئەمین زەبیحی لە «قامووسی زمانی کوردی»دا ئەم زارەی بە لەهجەی جنوبی ناو بردووە، زارەکانی دیکەش بە لەهجەی ناوەندی و باکووری. (زەبیحی، ١٩٧٧: ٤٢)

د. ئەمیری حەسەنپوور لە توێژینەوەی دکتۆراکەی بۆ زاری کوردیی ناوەندی،

کوردیی خوارووی بە کرماشانی ناو بردووە. زارە کوردییەکانی بۆ چوار ناوی ناوچەیی پۆلێن کردووە: کرمانجی، سۆرانی، هەورامی، کرماشانی. (Hassanpour, 1992: 20).

نیعمەت عەلی سایە، کتێبێکی ڕێزمانی کوردیی خوارووی نووسیوە و ئەم زارە کوردییە بە کەڵهوڕی ناو بردووە و ئەم چەند بنزارەی دەست نیشان کردووە: کولیایی، کرماشانی، فەیلی، کەلهوڕی. (سایە، ٢٠٠٤: ٥)

کەریم کەریم پوور (کریم پور، ١٣٩٠) کتێبێکی «ڕێزمانی کوردیی خوارووی»ی بە فارسی بڵاو کردووەتەوە، ئەم زارەی بە کرماشانی (کەڵهوڕی) ناو بردووە. وەک دیارە لەم دوو ناوە مەبەستی ئەوەیە کە هەردوو ناو، یەکێکیان ناوی شارە و ئەوەی دی عەشیرەت، بۆ ناوی ئەم زارە وەک یەکە.

هیوا زەندی، کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی کوردیی خوارووی نووسیوە و پێی باشە ئەم زارە بە فەیلی ناوی ببرێ، چونکە خەڵکی خانەقین و مەندەلی و زرباتیە و مەلکشاهی و ئەرکەوازی و بەدرە و دێهلۆران و چەند ناوچەی دی ئەم زارە بە فەیلی ناو دەبەن. (زەندی، ٢٠٠٧: ٩)

دکتۆر ئیسماعیل قەمەندار کە توێژینەوەیەکی دکتۆرانامەی بە فەرەنسی لەسەر ئەم زارە کوردییە کردووە، ئەم زارە و زارەکانی دیکەی ئەم هەرێمەی بە زارە کوردییەکانی خوارووی یان باشوور ناو بردووە. (قمندار، ٢٠١٤)

لە خستنەڕووی ئەم ناوە جۆراوجۆرانە ڕوون دەبێتەوە کە لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، ئەم زارە ناوی هەمەچەشنی هەبووە، بەڵام ئاخێوەرانی، خۆیان ئەم زارەیان بە کوردی ناو بردووە. هەروەها ئەو ناوەی ئێستا زیاتر بۆ ئەم زارە بەکار دێت ناوی کوردیی خوارووە، چونکە ئەم ناوە گونجاوترە و دوورە لە ناوی عەشیرەت، یان ناوی شار و ناوچەیەک. لەم توێژینەوەیەدا هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە ناوی کوردیی خوارووی بۆ ئەم زارە پەسند کراوە، چونکە زارە کوردییەکانی دی کە لە باکووری زاری کوردیی خوارووی هەڵکەوتوون، ئێستا بە زاری کوردیی ناوەندی و باکوور ناو دەبرێن. ئەم زارە کوردییە بەپێی هەڵکەوتی جوگرافی لە باشووری زاری کوردیی ناوەندی هەڵکەوتووە، کەواتە ناوەکەی دەبێت بە کوردیی خوارووی.[٨]

سەبارەت بە ناوەکانی دیکە کە زیاتر ناوی عەشیرەت و ناوچە و شارە، وەک کەڵهوڕی و فەیلی و کرماشانی، بێگومان زارێکی گەورەی وەک کوردیی خوارووی، ڕاست نییە ناوەکەی لە سنووری بنزارێک، یان ناوی عەشیرەتێکی کورد گیر بکات. بۆ نموونە ناوی فەیلی زیاتر بۆ ئەو کوردە کۆچکردووانە بەکاردێت کە لە ڕابردوودا لە ئیلامەوە بۆ خانەقین و زرباتیە و بەغدا کۆچیان کردووە، بە شێوە ئاخاوتنەکەشیان گوتراوە فەیلی. دەکرێ فەیلی وەک بنزارێکی ئەم زارە سەرەکییە ناوی بێت، بەڵام زارە سەرەکییەکە ڕاست نییە بە فەیلی ناوی بێت، چونکە هەمووی فەیلی نییە. ناوی کرماشانیش، ئەویش وەک ناوی شارێکی سەرەکیی ئەم هەرێمە کە بەم زارە قسە دەکەن، بۆ ناوی ئەم زارە ڕاست نییە، بەڵام کرماشانی بنزارێکی ئەم زارەیە.

## شوێنی جوگرافیی ئاخێوەرانی

زۆربەی ئاخێوەرانی ئەم زارە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کوردستانی ئێران) نیشتەجێن. بەشێکی بچووکی ئاخێوەرانی لە باشووری کوردستانە لە شارەکانی وەک خانەقین و مەندەلی و بەدرە و جەسان و شارەبان نیشتەجێن کە سەر بە پارێزگای دیالەیە. ئەوانی دی هەموو لەوبەری سنوور لە ئێران نیشتەجێن.

ئەم زارە لە کوردستانی ئێران ناوچەیەکی بەرفراوان دەگرێتەوە، هەرێمی ئاخێوەرانی ئەم زارە هەر لە ڕێگا گشتییەکەی نێوان قەسری شیرین و سەرپولی زەهاو و کرند بەرەو ڕۆژهەڵات دەکشێ بە باشووری ڕەوانسەر و کامیاران ڕەت دەبێت تا شاری قوروە لە ئوستانی کوردستان و لەوێشەوە بەرەو باشوور بە شاری ئەسەدئاباد و تویسرکان لە ئوستانی هەمەداندا ڕەت دەبێت تا نزیک مەلایەر، ئەوجا لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا دەکشێ بۆ کەنگاوەر و سەحنە و هەرسین و ئەوجا بەرەو باشووری ڕۆژئاوا تا شاری ئابدانان. ئەم ناوچە بەرفراوانە دوو ئوستانی گەورە لە ئێران دەگرێتەوە کە ئوستانی کرماشان و ئیلامە، گەورەترین شاری ئاخێوەری ئەم زارە شاری کرماشانە کە مەرکەزی ئوستانە، لەگەڵ کۆمەڵێک شار و شارۆچکەی ئەم دوو ئوستانە. شاری بیجار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی کوردستان کە لە ناوچەی ئەم زارە جودا بووەتەوە، ئەوانیش هەر بەم زارە دەدوێن. سەرجەم ژمارەی ئاخێوەرانی ئەم دیالێکتە کوردییە بە سێ ملیۆن کەس دەخەمڵێنرێت کە ڕێژەی لە ١٥٪ ی تێکڕای دانیشتوانی کوردستان پێک دێنێت (قمندار، ٢٠١٤: ٦). (سەیری نەخشەی هاوپێچ بکە)

## بنزارەکانی کوردیی خواروو

کوردیی خوارووی چەندین بنزار و شێوەزاری ناوچەیی هەیە کە ئاخێوەرانی بە ئاسانی لە یەک تێدەگەن. د. ئیسماعیل قەمەندار توێژینەوەکەی لەبارەی زاری کوردیی خوارووی، لە هەردوو بەشی کوردستان لە ئێران و عێراق، ٣٧ بنزاری بۆ زاری کوردیی خوارووی دەستنیشان کردووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەم بنزارانە دەگرێتەوە: بیجار، قروە، کولیایی،




**سەرچاوە: ئەمین زەکی بەگ، محەمەد. (٢٠٠٦). خولاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمرۆ. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.**

قمندار، اسماعیل(٢٠١٤). دراسة اللهجات الكردية الجنوبية. بغداد: مکتبة عدنان للطباعة و النشر و التوزیع.

Anonymous (1947). Map of Kurdistan Cairo: Elias modern press.

بیلوار، دینەوەر، سەحنە، بێستوون، هەرسین، پایرەوەند، کرماشان، سەنجاو، خالیسە، چەمچەماڵ، قەسری شیرین، سەرپێڵ زەهاو، هەرسەم (زەنگنە)، کەڵهوڕ، ئەیوان، لە پشتکۆ ئەم بنزارانە هەیە: ئەرکەواز، شیروان، ئیلام، ساڵح ئاوا، بەیرەیی(بەدرەیی)، مەلەکشاهی، مێخاس، مەهران، زەرگوش، عەشیرەتی کوردەلی، خزڵی. بنزارەکانی کوردیی خواروو لە باشووری کوردستان (عێراق) ئەمانەن: خانەقین، مەندەلی، دوشێخ، کەپرات، ورمزیار، زرباتییە، کوردەلی لە علی غەربی و شێخ سەعد، فەیلی(کوردە فەیلییەکان شێوەزارەکەیان لە شاری بەغدایە)، (قمندار، ٢٠١٤: ٢١ -٥١). بێگومان دیارکردنی ئەم هەموو شێوەزارە بۆ زاری زمانێک، یەکجار زۆرە، چونکە هەر زارێک بۆی هەیە لە گوندێک بۆ گوندێکی دی جیاوازیی شێوەزار و بنزار و دەڤۆکی هەبێت، ئەم جیاوازییە کەمانە ناسنامەی شێوەزارێکی سەربەخۆ وەرناگرن، پێویستە شێوەزارە سەرەکییەکان دەستنیشان بکرێن کە بە ڕێزمان و دەنگسازی و وشەسازی لەگەڵ یەک جیاوازن. بە سوود وەرگرتن لەم دابەشکردنە و دابەشکردنەکانی دی کە بۆ ئەم زارە کراون، لە خوارەوە گرنگترین بنزارەکانی کوردیی خواروو دەخەینە ڕوو:

**کەڵهوڕی:** یەکێکە لە گەورەترین عەشیرەتی ئەم ناوچەیە کە بە بنزارێکی ئەم زارە دەدوێن، ناوچەکەیان دەکەوێتە باشووری شاری کرماشان لە نێوان شائاباد تا ئەیوان. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەندێک ناوچە گوندنشینەکانی خانەقین و مەندەلی لە باشووری کوردستان هەر بەم بنزارە دەدوێن. (قمندار، ٢٠١٤: ٣١ – ٣٢)

**کرماشانی:** ئەم بنزارە لە ئوستانی کرماشان بە تایبەت لە مەرکەزی ئوستانەکە کە شارێکی گەورە و پڕ دانیشتووانە، قسەی پێ دەکرێ. شێوەزاری ئەم شارە زۆر بە چڕی کەوتۆتە ژێر تەئسیری زمانی فارسی، هەر بۆیە شێوەزارەکە تێکەڵ بە وشەیەکی زۆری فارسی بووە (قمندار، ٢٠١٤: ٢٨).

**سنجاوی:** ئەم بنزارە عەشیرەتی سنجاوی قسەی پێ دەکەن کە لە ڕۆژئاوای کرماشان و ڕۆژهەڵاتی قەسری شیرین نیشتەجێن و زۆربەیان سەر بە دینی ئەهلی هەقن. ئەم کۆمەڵە خەڵکە شێوەزارێکیان هەیە لە سەرپێڵی زەهاو و قەسری شیرین نزیکە (قمندار، ٢٠١٤: ٢٩).

**کولیایی:** ئاخێوەرانی ئەم بنزارە لە ناوچەکانی سونقور و دینەوەر و بیلوار لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی کرماشان نیشتەجێن، هەروەها لە ئەسەدئاباد و تویسرکان و مەلایەر لە ڕۆژئاوا و باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی هەمەدان نیشتەجێن.

**کوردەلی:** ئەم بنزارە ناوی عەشیرەتێکی گەورەی کوردە کە زۆربەیان لە ناوچەی پشتکۆ بە تایبەت لە ناوچەکانی نیوەی باشووری نیشتەجێن، هەندێک جار بە عەشیرەتی کورد –یش ناویان دەبرێ. ئاخێوەرانی ئەم بنزارە لە بەری ئێرانەوە لەناوچەی دێهلۆران و ئابدانان و زەرین ئاباد و بەشێکی شاری مەهران نیشتەجێن، بەڵام لە بەری عێراقەوە لە ناوچە سنوورییەکانی پارێزگای واست (کووت) لە شێخ سەعدەوە دەست پێ دەکا هەتا عەلی غەربی و ناوچەی دیکە لە پارێزگای عەمارە و بەسرە نیشتەجێن (قمندار، ٢٠١٤: ٤٠).[٩]

**فەیلی:** ئەم بنزارە کوردە فەیلییەکان کە لە بەغدا و ناوەڕاست و باشووری عێراق نیشتەجێن، قسەی پێ دەکەن، لەگەڵ ئەو کوردانەی کە لەسەر خەتی سنووری نێوان عێراق و ئێران نیشتەجێن. شێوەزارەکەیان هەتا ڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بە وشە و زاراوەی عەرەبی بووە. (قمندار، ٢٠١٤: ٥١ -٥٥)

**گەڕووسی:** ئەم بنزارە لە شاری بیجار قسەی پێ دەکرێ، لە ناوچەی کەڵهوڕنشینەکان جودا بووەتەوە، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئوستانی کوردستان هەڵکەوتووە. ئەم بنزارە بە ئەکسێنت و شێوەی بێژەکردن وەک ئەردەلانی وایە، بەڵام بە پێکهاتی ڕستە و گەردانکردنی کار زیاتر بە



کوردیی ناوچەی گۆران و کرماشان و ئیلام دەچێ، واتە شێوەزاری گەڕووسی شێوەزارێکی تایبەتە تێکەڵی دوو شێوەزاری کوردیی ئەردەلانی و کەڵهوڕییە (سهرابی،٢٠١١: ٣١). ئەم بنزارە بە هۆی شوێنەکەی کە بە ئاخێوەرانی دیالێکتی کوردیی ناوەند دەورە دراوە، هەر بۆیە لە ڕووی بێژەکردنەوە لە ئەردەلانی نزیکە.

## مێژووی ئەدەبیات بە کوردیی خواروو

لە مێژووی گەشەکردنی زمانی کوردی بۆ دەقی ئەدەبی کلاسیکی، سێ زاری کوردی لەم بوارە لە سەردەمی جیاواز ڕۆڵی زمانی ئەدەبییان لە ناوچەکانی خۆیان یان لە چوارچێوەی میرنشینێکی کوردی گێڕاوە. لەپێشترین ئەو زارە کوردییانە، کوردیی گۆران لە سەدەی (١٤ – ١٩) لە چوارچێوەی میرنشینی ئەردەلان و ناوچەکانی دەرەوەی ئەم میرنشینە، زمانێکی ئەدەبی باڵادەست بووە، لە هەمان کاتدا زمانی دینیی یارسانەکانیش بووە، دەقە دینییەکانیان بە شیعر و پەخشان بەم زارە کوردییە نووسراوە. زمانی ئەدەبی بە زاری کوردیی باکوور لە سەدەی(١٦ – ١٩) لە چوارچێوەی میرنشینی بۆتان زمانی ئەدەبی بووە. زاری کوردیی ناوەندی دەرنگتر دەست پێ دەکات لە سەدەی (١٩ – ٢٠)، لە چوارچێوەی میرنشینی بابان زمانی ئەدەبی بووە. بەڵام زاری کوردیی خواروو هەموو زارەکانی دیکەی خوارووی کوردستان لە مێژووی ئەدەبی کلاسیکی بەدەگمەن نەبێت دەقی ئەدەبیی پێ نەنووسراوە. ئەمەش وەک دیارە بەهۆی باڵادەستیی زاری کوردیی گۆران بووە کە بۆ ماوەی پێنج سەدە زمانێکی ئەدەبیی هاوبەشی ئاخێوەرانی هەموو زارە کوردییەکانی هەورامی و کەڵهوڕی و لەکی و لوڕی بووە، لەم ماوە درێژە هیچ زارێکی دیکەی کوردی لەم هەرێمە سەری هەڵنەداوە وەک گۆران دەقی ئەدەبیی پێ بنووسرێ، هەربۆیە لەو ناوچانەی کوردیی خواروو چەندین شاعیری کەڵهوڕ زمان هەبووە هەر بە زاری گۆران شیعریان نووسیوە، وەک ئەڵماس خانی کەندووڵەیی (١٧٠٢ – ١٧٧٦م) کە بە ئەڵماس خانی کەڵهوڕیش ناوبانگی دەرکردووە(خەزنەدرا،٢٠١٠: ٧٣). غولام ڕەزای ئەرکەوازی (١٧٧٥ – ١٨٤٠م) کە لە ئاواییەکی سەر بە ئوستانی ئیلام لە دایک بووە. سەید یەعقوب یان سەی یاقۆی ماهیدەشتی (١٨٠٢ – ١٨٧٥م) لە ناوچەی ماهیدەشتی سەر بە کرماشان لە دایک بووە لە هۆزی کەڵهوڕە، هەموو شیعرەکانی بە زاری گۆران نووسیوە، جاروباریش هەوڵی داوە لە ژێر کاریگەریی نالی بە کوردیی ناوەندی شیعر بنووسێ، چونکە لەگەڵ نالی هاوسەردەم بووە. (سلطانی، ١٣٧٧: ٦).

بەپێی توێژینەوەکان لە مێژووی ئەم زارە ئەوە بە دەردەکەوێت کە بۆ یەکەم جار شیعر بەم زارە نووسرابێت لە لایەن دوو شاعیری کەڵهوڕ زمان بووە کە لە کۆتایی سەدەی حەڤدەمی میلادی(١٦٩٤ م) ژیاون، بە ناوی شاکە و خان مەنسوور، شیعر بە زاری کوردیی خواروو دەهۆننەوە دیوانێکی شیعریان پێکەوە نووسیوە (قاسمی، ١٣٧٩). شیعرەکانیان بە زمانێکی سادەی میللی نووسراون کە هەموو خەڵک بە ئاسانی لێی تێ دەگات. ئەمەش نموونەیەکە لە شیعری ئەم دوو شاعیرە:

خان مەنسوور دەڵێ
شاکە لە سەردا، شاکە لەسەردا
چل تاج شاهی بواچ، لە سەردا
ئیمڕوو ڕاگەت کەفت لە دەیشت و دەردا
کی گڕەی ئاگر لە جەسەت وەردا

شاکە دەڵێ:
ئیمڕوو دو هوور دیم، ئیمڕوو دو هوور دیم
وە دیدەت قەسەم، ئیمڕوو دو هوور دیم
دو باز شەش دانگ، دو قورس نوور دیم
زوڵەیخا سفەت، شێرین دەستوور دیم
(قاسمی، ١٣٧٩: ٦٩)

مسـيۆنێرەکان لـە کۆتايی سـەدەی نۆزدەم لە هەموو بەشـەکانی کوردسـتان لـە بواری تەرجەمەکردنی ئينجيل بـۆ زارە کوردييەکان چالاک بوون. زاری کوردیی باکوور لە ناوەڕاستی سـەدەی نۆزدەم ئينجيلی پێ تەرجەمە کراوە. هەر لە کۆتايی سـەدەی نـۆزدەم بە کورديی خوارووش ئينجيل تەرجەمە دەکرێت. لە ساڵی ١٨٩٤ لە لايەن ميرزا يەحيا خانی کرماشـانی ئينجيلی يۆحەنا لە فارسييەوە بۆ زاری کورديی خـوارووە بە بنزاری کرماشـانی تەرجەمە کراوە (Dehqan, 2009: 207 -211). ئـەم تەرجەمەيە هەنگاوێکی سـەرەتا و گرنگ بووە بۆ نووسينی دەقی پەخشـان و تەرجەمە بەم زارە کوردييە، کە لە پێشدا دەقی پەخشـان بەم زارە نەبووە. ئـەم تەرجەمەيە دەکەوێتـە پێش تەرجەمەی ئينجيل بە کورديی ناوەندی کە لە ساڵی ١٩١٩ مسيۆنێری ئەمەريکی لودڤيگ فۆسوم ئينجيلی لـە يۆنانييەوە بـۆ بنزاری موکـری تەرجەمە کردووە و لە ئەمەريکا چاپ کراوە.

دوای ئەم تەرجەمەيە شـتێکی ئەوتۆ بەم زارە ئەنجام نەدراوە هەتا دەگەين بە سـەرەتای سەدەی بيستەم. مەيجەر سۆن چەند شيعرێکی گۆرانی فۆلکلـۆری ( قەتاری کوردی) بە زاری کورديی خواروو (بنزاری کرماشـانی) لە ساڵی ١٩٠٩ لـە گۆڤارێک لە بەريتانيا بڵاو دەکاتەوە. سـۆن لەم وتارەی پێی وايە ئەم زارە کۆمەڵێک تايبەتمەنديی زمانی هەيە کە نيشان دەدات لە بنچينـەدا کوردييە. ئەمانەی خوارەوە نموونەی چەند بەيتێکی ئەم گۆرانييە فۆلکلۆرييانەن:

مـاڵ دوس بـار کـرد وە نـارەزای دڵ
ئەڵـڵا يـاری بـووت مەنـزڵ وە مەنـزڵ
دەسـم بکيشـن وە کـوڕ گيانـی
وە مـاڵ دوس چـم شـەو وە مێمانـی
لـە سـەرميلەوە بنـۆڕی کرنـد ديـارە
هـەر کـەس دوس دێرێـت چـاو ئنتيـزارە
لـە دويـرەو هاتـم بشناسـە دەنگـم
گـەرد غەريبـی نيشـتيە لـە ڕەنگـم

لە چلەکانی سـەدەی بيسـتەم چەند دەقێکی پەخشان بە کورديی خواروو بە بنزاری کەڵهوری لـە سـاڵی ١٩٤٤ لـە گۆڤـاری گەلاوێژ بڵاو کراوەتەوە. ئەم دەقە لـە لايەن يەدوڵلا ڕەزائی کۆ کراوەتەوە بە ناوی (لە سەرەنجامی پادشايە سـەفاريەيل) کە لە گەيلان غەربەوە لە ئێران بۆ گۆڤاری گەلاوێژی ناردووە (رضائی، ١٩٤٤: ٢٩ – ٣٠). ئـەم دەقە باسـی ڕوودوايێکی مێژوويی دەکا لە نێوان دوو پاشـا ڕووی داوە: سـەفاری و سـامانی و ڕووداوەکە بە داستان دەگێڕێتەوە. بڵاوبوونـەوەی ئەم دەقە بـە کورديی خواروو، هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ نووسـينی پەخشان بەم زارە، بەڵام بەردەوام نەبووە.

لـە نيـوەی دووەمی سـەدەی بيسـتەم بـە تايبەت لە دەيەی شەسـت و سـەرەتای حەفتـاکان کۆمەڵێک نووسـەر دەرکەوتن بە زاری کورديی خواروو نووسـيويانە، لە بەشـی باشـووری کوردسـتان هەندێک شـاعير بەم زارە شـيعر دەهۆننـەوە وەک داری سـاری سەبری(١٩٣٠ – ٢٠٠٠) کە کوردێکی فەيلی لە دايکبووی زرباتيە بوو، کۆمەڵێک شيعری بەم زارە بڵاو کردووەتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شـامی کرماشـانی(١٩١٧ -١٩٨٤) و پەرتەو کرماشـانی (١٩٣١ -٢٠٢٢)، دوو ئەسـتێرەی گەشی شيعری هاوچەرخی کورديی خواروون، بـە شـيعرەکانيان بەشـدارييەکی گرنگيـان هەبووە لە نووسـينی شـيعر بەم زارە. لە دوای حەفتاکانی سـەدەی بيسـتەم هەتا ئێستا لە بەشـی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک شاعير دەرکەوتن بە شێوەزارە ناوچەييەکانی ئەم زارە دەقی شيعرييان نووسيوە وەک فەرهاد عەزيزی، سـەعيد عبادەتيان، عەلی فەيلی، زاهر سارايی، جەليل ئاهەنگەرنـژاد، ڕەزا مەوزوونی، عەليرەزا خانـی، عەلـی حاتەمـی، ناهيـد محەمەدی، مەسعوود قەنبەری، سيامەک نەجەفی، عەليرەزا يەعقووبی، فەرهاد شـامراديان، بێهرۆز ياسمی، چەنگيز ئقبالّی، ، لەک ئەمير، کاوە خوسرەوی، تورەج ئەسـپەری، ئەبووزەر کوردپوور، سـۆما



ئەمينی، سـومەيە مـێهری، مەريەم نەجەفی، فەرزاد سەفەرە، ئێحسـان نەجەفی، هومايوون عەباسـی، محەمەد مرادی نسـاری، مەيسەم خورانی، ئومێد زاهری، کەرەمرەزا کەرەمی، ڕەزا جەمشيدی (جيهانفەرد، ١٤٠٠: ٤٦). ئەم شاعيرانە قۆناغێکی نوێ لە ئەدەبياتی کوردی بە کورديی خواروو گەشـە پـێ دەدەن، بەڵام ئـەم بزاڤە ئەدەبييە زياتر شيعرە و کەمتر پەخشان بووە.

لە بواری فەرهەنگنووسـی و کۆکردنەوەی وشـە و زاراوەکانی کورديی خـواروو، ئەم زارە کوردييە بە درەنگەوە وشەکانی لە فەرهەنگێکدا کـۆ کراوەتـەوە. لە هەمـوو ئـەم فەرهەنگە کوردييانەی کـە لە ڕابردوو بـڵاو بوونەوە، بە دەگمەن نەبێت هەوڵ نەدراوە وشەی زارەکانی خوارووی کوردستانيش کۆ بکەنەوە. بەمدواييە خۆشـبەختانە وشـەکانی ناوچەی کرماشـان و ئيـلام و لوڕسـتان لـە فەرهەنگێکی قەوارە گەورەدا بە ناوی «فەرهەنگی باشوور» لە لايەن عەباسی جەليليان کۆ کرايەوە و ڕووناکی چاپی بينی (جەليليان، ٢٠٠٤).

ڕۆژنامەگەريـی کورديـی لـە ناوچەکانی خـوارووی کوردسـتان بە درەنگەوە سـەری هەڵـداوە، بەدەگمـەن نەبێت ڕێگـە نەدراوە گۆڤارێک يـان ڕۆژنامەيەک بە کورديی خواروو دەرچێت. بەڵام لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ناوچەی ئاخێـوەری کورديی ناوەنـدی، جاروبار دەقی شـيعر و پەخشـانيان بەکورديی خواروو بڵاو کردووەتەوە. لـە کۆتاييەکانی دەيەی نەوەد و ٢٠٠٠ لە هەردوو گۆڤاری سـروە و ئاوێنە کە بـە کورديی ناوەندی دەردەچـوون بە کورديی کەڵهوڕييش نووسـينيان تێدا بڵاو بووەتەوە، لە سـيروان و ئاسۆ و ئاشـتييش بە هەمان شێوە. هەفتەنامەی (ندای جامعـە) کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی لە دوای ٢٠٠٠ بڵاو بووەتەوە، بابەتە کوردييەکانی بـە کورديی خواروو بووە. گۆڤـاری (پيک ايلام) لە مـاوەی نێوان ١٩٩٨ تا ٢٠٠٢ دەرچـووە، لاپەرەيەکی بەناوی (زوان ئيمـە) ی هەبوو بە کورديی خـواروو. گۆڤاری (تفکر انتقادی) لە ساڵی ٢٠٢١ ەوە دەستی بە بڵاوکردنەوە کردووە؛ بابەتە کوردييەکانی زياتر بە کورديی خوارووە(جيهانفەرد، ٢٠٢٢). وەک ديـارە ڕۆژنامەگەريی کورديی لـە ناوچەکانی ئوستانی کرماشان و ئيلام زۆر دەگمەن و ماوە کورت بووە، زۆر کەم ڕێگە دراوە گۆڤارێک يان ڕۆژنامەيەکـی تەمەن درێژ بـەم زارە کوردييە دەرچێت. شايەنی گوتنە، بەم دواييە گۆڤارێک بـە نـاوی (چريکە) بـە دوو زمانـی کوردی (کورديی خواروو) - فارسی لە کرماشان دەستی بە بڵاوکردنەوە کرد کە لە لايەن ئينسـتيتوتی فەرهەنگيی يارسـان دەردەچێـت، گۆڤارەکە ناوەرۆکێکـی ئەدەبيی هەيە و تا ئێسـتا چەند ژمارەيەکـی لێ بـڵاو کراوەتەوە، ئـەم گۆڤارە بايەخ بە ناوچەی خوارووی کوردستان دەدات، ناوچەکە و دانيشتووانە کوردەکەی بە پەهلەوی ناوی دەبات.[١٠] لە دەرەوەی ئێران، لە عێراق و لە شـاری بەغدا لە لايەن کوردە فەيلييەکانەوە مانگنامەی (گوڵ سو) بڵاو دەبێتەوە کە ناوەندی شـەفەق لە بەغدا دەری دەکات، زياتر لە ١٠٠ ژمارەی لـەم مانگنامەيە بـە کورديی خواروو بـڵاو کردووەتەوە. دەرچوونی ئـەم مانگنامەيە هەمووی بە کورديی خواروو بۆ ماوەيەکی درێژ، دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو ژينگە ئازادەی کە لە بەغدا بۆی ڕەخساوە.

ئەدەبـی زارەکيـی کورديـی خـواروو، ئەدەبياتێکـی يەکجـار دەوڵەمەندی هەيە، کە دەماودەم و سينە بە سينە هاتووە و بە درێژايی مێـژوو لـە يادەوەريی پێشـينان هەڵگيراوە و گواسـتراوەتەوە بـۆ نـەوەی نوێ، بـەڵام لەم سـەردەمە بەهـۆی خوێندن بە يـەک زمانی ڕەسـمی و بێبايەخکردنـی زمانەکانی دی لە نێو دەوڵـەت – نەتەوەيەکی وەک ئێران، زمان و زارەکان ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ کاڵ دەبنـەوە، لەگەڵيشـی ئـەم ئەدەبياتـەش کاڵ دەبێتەوە و بـەرەو نەمان دەچێت. لـە لايەکی ديکەوە، گۆڕانی شـێوازی ژيانی کۆمەڵگە و پەيدابوونی ئامرازی نوێی سەرگەرمی، ئەم ئەدەبە زارەکييە

زۆر بە خێرایی لە ناو دەبات.
لە زارەکانی خوارووی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی ئەدەبی زارەکی هەیە، بۆ نموونە «هورە» ژانرێکی ئەدەبی زارەکیی تایبەتە بە ئاوازێکی بە سۆزەوە لە لایەن هورەخوێنەوە بە شیعر دەخوێنرێتەوە، شیعرەکانیش لەبارەی ڕووداوێکی سروشتی وەک بوومەلەرزە، لافاو، یان دڵدارییەکی ناکامە، هەندێک جاریش لەبارەی مردنی کەسێک، هورە دەخوێندرێتەوە. هورە بە کۆنترین ئاوازی ناوچەی زاگرۆس دادەنرێت، ئەم ئەدەبە زارەکییە تایبەتە بە ئاخێوەرانی کەڵهوڕ و لەک و گۆران و قەلخانی کە لە ناوچەکانی گەیلان غەرب و ئیسلام ئاباد، ماهیدەشت، ئەیوان غەرب، لە ئیلام و کرند و گەهوارە نیشتەجێن (موزونی، ١٣٩٣: ١١١). ئەم چەند بەیتەی خوارەوە نموونەیەکی هورەیە لەبارەی کۆچکردن:

نازاران کیشن نارەحەتی خەو
ئێڵەیل بارکردن، دووڵەیل بوین خاڵی
سەوزە چییەسەو ژیر، ترمە مەتقالی
رەفیقەیلم چێن، تەنیا ماڵ مەنم
قوتوو نیمە سووز، بێ زخاڵ مەنم
سوارە ، سوارە، ئێڵ بار کردنە
بەو تا یەک بوینیم دنیا مردنە
(موزونی، ١٣٩٣: ١٢٢ – ١٢٣)

هەروەها چیرۆکی میللی، شیعری فۆلکلۆری، داستان، ئەفسانە، مەتەڵ و قسەی نەستەق، پەندی پێشینان، گۆرانی، شین گێڕان.. ئەمانەش بە شێوەیەکی فراوان ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی کوردیی خوارووو و زارەکانی دیکەیە. بوونی ئەم ئەدەبیاتە هاوبەشە زارەکییە لە خوارووی کوردستان جارێکی دی ئەم ڕاستییە نیشان دەدات کە ئەم هەرێمە هەموو پێکەوە هاوفەرهەنگ و هاوزمانن و سەر بە یەک نەتەوەی هاوبەشن کە نەتەوەی کوردە.
بەمدواییە بەشێکی ئەم ئەدەبیاتە زارەکییە کۆ کراوەتەوە و ڕووناکیی چاپیان بینیوە، وەک (ئەفسانەیل وڵات میدیا)، کە کۆمەڵێک مەتەڵی فۆلکلۆریی کوردی بە شێوەزاری کەڵهوڕیی لە خۆ گرتووە و تائێستا چوار بەرگی لێ بڵاو کراوەتەوە، لە لایەن سەجاد جەهانفەرد (جەهانفەرد، ٢٠٠٩) کۆ کراوەتەوە و چاپ کراوە. (کەلهوڕنامە)، کۆمەڵێک ئەدەبیاتی فۆلکلۆری بە کەڵهوڕی لە لایەن ناهید محەمەدی (محمدی، ١٣٩١) کۆکراوەتەوە و بە چاپ گەیاندراوە. (ترانەهای سرزمین مادری)، ئەویش کۆمەڵێک گۆرانیی فۆلکلۆری و هورە و مورەی ناوچەی کرماشان و ئیلامی گرتووەتە خۆی و لە لایەن ڕەزا مەوزونی (موزونی، ١٣٩٣) کۆ کراوەتەوە و بە فارسی چاپ و بڵاو کراوەتەوە.
کۆکردنەوە و چاپکردنی ئەم ئەدەبیاتە و فەرهەنگنووسی بۆ وشە و ئیدیۆم و پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی ئەم زارە، هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی لە فەوتان و بووژاندنەوەی ئەدەبیات لە ناوچەکە.

## کوردیی خوارووو لەبەردەم مەترسیی فەوتان

زمانی کوردی و هەموو زمانە غەیرە فارسییەکانی ناو ئێران لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی و سەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی خوێندن لە سەرانسەریی ئێراندا، سیاسەتی تواندنەوەی زمانی و نەتەوەییش دەستی پێ کرد. لەپێش ئەم دەوڵەت - نەتەوە ئێرانییە، زار و زمانەکانی ناو ئێران هەڕەشەی فەوتانی لەسەر نەبووە، چونکە سیستەمی سەپاندنی یەک زمان و یەک نەتەوە لە مێژووی حوکمڕانانی ئێراندا نەبووە. دەوڵەتی ئێران لە سەردەمی هەردوو بنەماڵەی پەهلەوی، سیاسەتی زمانکوژییان Linguicide لە دژی زمانی کوردی و زمانە غەیرە فارسییەکان جێبەجێ کردووە. لە هەردوو دەسەڵاتی پەهلەوی: ڕەزا شا (١٩٢٥ – ١٩٤١) و محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١ – ١٩٧٩) زمانی فارسییان باڵادەست کردووە و زمانەکانی دیکەیان بە توندی قەدەغە کردووە، بە دەگمەن نەبێت ڕێگە نەدراوە گۆڤارێک یان ڕۆژنامەیەکی کوردی بڵاو بێتەوە، تەنیا لەماوەی حوکمڕانیی پەهلەویی دووەم بە شێوەیەکی سنووردار چەند بڵاوکراوەیەکی کوردی ڕێگەی پێ دراوە (Sheyholislami, 2012: 25 - 29). ئەم سیاسەتە زمانییە، بۆ ئەم ماوە درێژە، هەموو زمانە غەیرە فارسییەکانی لاواز کردووە، تەنیا یەک زمان کە فارسییە لە وڵاتەکە پلەوپایەی زمانی هەبووە و ڕەسمی بووە. زمانەکانی دی بە لەهجە و زار و شێوەزار دانراون، کە زمانی کوردییش بە یەکێک لە لەهجە ناوچەییەکانی ئێران دانراوە. زمانەوانی ئێرانی دوکتۆر پەرویز ناتل خانلەری لە کتێبێکی بەناوی (زبانشناسی و زبان فارسی) لە باسی زمان و لەهجەدا دەڵێت: « ئەمڕۆ لە ئێران ئێمە یەک زمانی گشتی و هاوبەشمان هەیە کە پێی دەڵێن زمانی فارسی، کە ئەویش زمانی ڕەسمی و ئەدەبییە و هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە، بەتایبەت ئەوانەی خوێندن و نووسین دەزانن، بەم زمانە ئاشنان و بەکاری دێنن، بەڵام لەپاڵ ئەم زمانە فارسییە، چەند زمانێکی مەحەلی هەیە، کە هەندێکیان ئەمانەن: کوردی، لوڕی، بەلوچی، گیلەکی، مازندەرانی، تاڵشی، تاتی، دزفولی، سیمنانی،.. زمانانی دیکەی وەک ئەمانە. ئێمە ئەم جۆرە زمانانە بە لەهجە دادەنێین.» (خانلری، ١٣٨٦: ١٤١). خانلەری، بۆ جوداکردنەوەی زمان و لەهجە، پێوەرێکی داناوە، پێی وایە هەر شێوەزمانێک، ڕیشەی هاوبەشیی زمانی لەگەڵ زمانێکی دیکە هەبێت، کە ئەو زمانە بووە بە زمانی هاوبەش بۆ ئەم لەهجانە، لەم حاڵەتە زمانە هاوبەشەکە پلەوپایەی زمانی هەیە و ئەوانی دی بە لەهجەی ئەم زمانە دادەنرێن. بەم پێیە کوردی و لوڕی کە ڕیشەی هاوبەشیی زمانییان لەگەڵ فارسی هەیە و سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانییەکانن، فارسییش، زمانی ڕەسمییە لە ئێراندا بە زمان دادەنرێت و ئەوانی دی پلەوپایەی زمانیان نییە و بە چەند لەهجەیەک دادەنرێن (خانلری، ١٣٨٦: ١٤١ - ١٤٧). ئەم پێوەرە زمانەوانییە بۆ جوداکردنەوەی زار لە زمان، کە نووسەر بانگەشەی بۆ دەکات، لە هیچ تیۆرێکی زمانەوانیدا نییە و داهێنانی خۆیەتی، و تەنیا ئەجێندایەکی سیاسیی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی بووە بۆ تواندنەوەی زمانەکانی دیکەی غەیری فارسی لە بۆتەی زمانی فارسی و ئێرانیدا. زمانەوانێکی دیکەی ئێرانی، «محەمەد ڕەزا باتنی» لە وتارێکی سەبارەت بە چۆنیەتیی بڵاوکردنەوە و بەهێزکردنی زمانی فارسی لە ئێراندا دەڵێت: «هەرچەندە زمانی فارسی ئێستا زمانی ڕەسمیی وڵاتی ئێرانە، بەڵام لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران زمانی دایکی خەڵک نییە. هیچ گومانی تێدا نییە، ئەگەر ئێمە بتوانین بە ڕێگەیەکی نەرم و لەسەرخۆ ئەم زمانە فارسییە بکەین بە زمانی دایکی هەموو ئەو کەسانەی لە چوارچێوەی جوگرافیای وڵاتی ئێران لە دایک دەبن و دەژین، بەم ڕێگەیە هەنگاوێکی گرنگمان بڕیوە بۆ یەکێتیی نەتەوەییمان» (باطنی، ١٣٨٨: ٧١). ئەم سیاسەتە زمانییە کە زمانەوانە ناودارە ئێرانییەکان پلانیان بۆ داڕشتووە، لە ماوەی سەدەیەک لە سەرانسەری ئێران، لە بەرانبەر هەموو زمانە غەیرە فارسییەکان جێبەجێ کراوە. لە سەرەتا کراون بە لەهجەیەکی مەحەلی کە هیچ پلەوپایەیەکی زمانیان نییە و شایەنی ئەوەش نین پێیان بخوێندرێ و بنووسرێ، دواتر بەرنامەی ئەوەیان بۆ داڕشتووە کە چۆن لەنێو بۆتەی زمانی فارسی بتوێندرێنەوە و بە ڕێگەیەکی نەرم و لەسەرخۆ وایان لێ بکەن واز لە زمانی دایکی خۆیان بێنن و فارسی بکەن بە زمانی قسەکردنیان لەماڵەوە و لە دەرەوە.
دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە ساڵی١٩٧٩ هەمان سیاسەتی زمانی درێژەی پێ دەدرێ، ئەمە هەرچەندە جاروبار ڕێگە دراوە لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی سنووردار لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا چەند بەرنامەیەک بە کوردی پەخش بکرێن، یانیش چەند کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیەک بە کوردی

چاپ و بڵاو بکرێنەوە، هەروەها بەمدواییەش بەشی کوردی لە زانکۆ بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس کراوەتەوە، بەڵام لە سیستەمی پەروەردەی گشتیی وڵات، زمانی کوردی هێشتا زمانێکی قەدەغەیە و هیچ پلەوپایەیەکی بۆ خوێندن و زانکۆ و ژیانی ئابووریی وڵاتەکە نییە (Shey-holislami, 2012: 29 - 39). ئەم جۆرە ڕێگەدانە بە شێوەیەکی سنووردار و کۆنترۆڵکراو، شێوازێکی لەسەرخۆیە بۆ تواندنەوەی یەکجاریی زمانەکە لە پاشەڕۆژ.

لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتە زمانی و فەرهەنگییەی دەوڵەت – نەتەوەی تاکزمانی بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەک، هەر داخوازییەک بۆ مافی زمان بە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەییی خاکی ئێران و یەکێتیی زمانی نەتەوەی ئێرانی لێکدراوەتەوە، بۆیە لەم دۆخە زمانییەدا، زمانی کوردی بە هەموو زارەکانیەوە بەتایبەت زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، بەرادەیەک ئاسمیلە کراون کە ئەمڕۆ هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە، ئەگەر ڕزگار نەکرێن، زمانی فارسی جێگەی زمانی دایک دەگرێتەوە.

سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی ئێران بۆ زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، سیاسەتێکی جیاواز بووە، چونکە ئەم هەرێمە لەڕووی مەزهەبەوە زۆرینەیان سەر بە مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامین کە مەزهەبی ڕەسمیی دەوڵەتە و بەشێکیشیان پەیڕەوی لە ئایینی یارسان دەکەن، کە ئەوانیش هەتا ڕادەیەک نزیکییان لە شیعە هەیە. ئەم پێکهاتە ئایینی – مەزهەبییە، پرۆسەی تواندنەوەی زمانی ئاسانتر کردووە. بەڵام ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە باکووری ئەم ناوچەیە هەڵکەوتوون، بە مەزهەب سوننەن وەک سنە، سەقز، بانە، مەهاباد، ورمێ، خۆی و ماکۆ، ئەمانە خۆڕاگرتر بوون بۆ ئەم تواندنەوەیە، چونکە مەزهەبی سوننە و هۆشیاریی نەتەوەیی، دوو کەرەستە بوون بۆ خەبات لە دژی ئەم تواندنەوەیە. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان سنە و کرماشان بکرێت، کە سنە شارەکەی هەموو بە کوردی قسە دەکەن، و کرماشانیش زۆربەی هەرە زۆری بە فارسی قسە دەکەن، دەکرێ بە ئاسانی ئەم تواندنەوە زمانییە لە نێوان دانیشتوانی ئەم دوو شارە کوردییە هەستی پێ بکرێ.

لەم سەردەمە کە سەردەمی لە ناوچوونی زار و زمانە، وا چاوەڕێ دەکرێ هەتا کۆتایی ئەم سەدەیە، زۆربەی زمان و زارەکان لە ناو بچن، بە تایبەت ئەو زار و زمانانەی کە ئاخێوەریان کەمە و زمانەکانیان هیج پلەوپایە و هێزێکی ئابووریی نییە و پێی ناخوێندرێ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاخێوەریان کەم دەبێتەوە و لە پاشەڕۆژ بە یەکجاری دەفەوتێن. زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان، ئێستا لەم قۆناغەدان کە لە مەترسیدان بەرەو لەناوچوون، بەردەوام بەرەو کزی و لاوازی دەڕۆن، ئەگەر هەوڵێکی جددی نەدرێ بۆ بووژاندنەوەیان لە پاشەڕۆژدا دەچنە لیستی زار و زمانە مردووەکان.

وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە، لە قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بە دەگمەن نەبێت هیچ دەقێکی ئەدەبییان پێ نەنووسراوە، لە سەردەمی نوێش هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان بۆ نەڕەخساوە وەک زمانێکی ئەدەبی یان وەک زمانی پەروەردە لە قوتابخانەکان پێیان بخوێندرێ. کوردیی خواروو، لە هەردوو بەشی کوردستان: باشوور (عێراق) و ڕۆژهەڵات(ئێران) بە توندی هەوڵی تواندنەوەی دراوە. لە باشووری کوردستان ئەو ناوچانەی کە بە کوردیی خواروو قسە دەکەن، وەک خانەقین، مەندەلی، بەدرە، جەسان و ... بەدرێژاییی حوکمڕانیی دەوڵەتی ناسیۆنالیستی عەرەبیی عێراقی (کە لە ساڵی ١٩٢١ دامەزراوە، پرۆسەی بەعەرەبکردنی لە دژی هەموو زمانانی دیکەی غەیری عەرەبی دەست پێ کردووە)، هەرگیز دەرفەتی خوێندن بە زمانی کوردییان نەبووە، تەنیا لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ لە دوای بەیانی ١١ ئادار، خوێندن بە زمانی کوردی گەیشتە ئەم ناوچانە، کە ئەویش زۆری



نەخایاند، دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، ئەم خوێندنەش بە کوردیی ناوەندی لەوێ قەدەغە کرا و جارێکی دی تەعریب دەستی پێ کردەوە، چونکە ئەم ناوچەیە لە دەرەوەی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە بوو کە حکومەتی عێراق بڕیاری لەسەر دابوو. ئەم بارودۆخە زمانییە، هەتا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ بەردەوام بوو، دوای ئازادکردنی ئەم ناوچانە، خوێندنی کوردی بۆ ئەم ناوچانە دەگەڕێتەوە، ئەمجارەش هەر بە کوردیی ناوەندی بوو، هیچ هەوڵێک نەدراوە لەپاڵ خوێندن بە کوردیی ناوەندی، چەند دەرسێک بە کوردیی خوارووش بخوێنن. لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە زۆرینەی دانیشتوانی لەوێ نیشتەجێن، هەموو قۆناغەکانی خوێندن هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا هەر بە فارسی بووە. دەوڵەتی ئێران هەرگیز ڕێگەی نەداوە ئەم زارە کوردییە، کتێب و بڵاوکراوەی هەبێت، چونکە ناوچەی کرماشان و ئیلام وەک ناوچەیەک حیساب دەکرێ کە دەبێ لە داهاتوودا بە پرۆسەی ئاسمیلەکردنی زمان ببن بە فارسی، کە ئێستا بە عەمەلی ئەم سیاسەتە جێبەجێ دەکرێ. تەنانەت بۆ خوێندنی کۆرسێک بە کوردیی خواروو، لە دەرەوەی قوتابخانەکان لە لایەن دەوڵەتەوە بە ئاسانی ڕێگەی پێ نادرێ، ئەمە لە کاتێکدا بۆ کوردێک لە سنە و مەهاباد، هەمان داخوازی ڕێگەی لێ ناگیرێ (جیهانفەرد،٢٠٢٢). ئەم مامەڵە جیاوازەی دەوڵەت بۆ دوو زاری کوردی، بەڵگەی ئەوەیە کە سیاسەتی زمانیی دەوڵەت بۆ ناوچەکانی ئاخێوەرانی کوردیی خواروو، سیاسەتی تواندنەوە و یەکسانسازییە، تا لە داهاتوودا، ئەم ناوچەیە لە کوردستان، دانیشتوانەکەی بە زمان و نەتەوە هەرگیز نەبن بە بەشێک لە کورد و لە بۆتەی زمانی فارسی و میللەتی ئێرانیدا بتوێنەوە.

## پلانی زمان بۆ بووژاندنەوەی کوردیی خواروو

لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، لە هەردوو ئوستانی کرماشان و ئیلام، هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو لە نێو ئاخێوەرانی کوردیی خواروو لە پەرەسەندندایە، ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە، هۆشیاریی زمانیشی لەگەڵ خۆی هێناوە، بۆیە هەر لەم دوو ئوستانە کوردنشینە بایەخدان بە زمانە کوردییەکەشیان پەرەی سەندووە، ئەمە هەرچەندە گوشاری دەوڵەت یەکجار زۆرە بۆ ئەوەی ڕێگە لەم گەشەکردنە بگرێت تا زیاتر پەرەنەستێنێ. لە ژێر گوشار و ئەزیەتی دەوڵەت، چەند گۆڤارێکی کوردی بە شێوەیەکی سنووردار بڵاو بوونەوە، هەروەها چەند هەوڵێک هەیە بۆ فێربوونی خوێندن و نووسین بە کوردیی خواروو.

لە لایەکی دیکەوە، دەوڵەت ئەوەی لەگەڵ لەکەکانی لوڕستان ئەنجامی دا، کە زارەکەیانی وەک زمان ناساند. ئەم جۆرە سیاسەتە زمانییە، لەگەڵ دانیشتوانی کوردی ئەم دوو ئوستانە سەر ناگرێت، چونکە ئەوان بە کوردبوونیان پابەندن، زارەکەشیان بە زارێکی زمانی کوردی دادەنێن و پێیان وا نییە زمانێکی سەربەخۆ بێت.

لە بەرانبەر ئەم سیاسەتەی دەوڵەت بۆ تواندنەوەی زمان، کوردە ڕۆشنبیرەکانیان لە هەوڵێکی بێوچاندان بۆ گەشەپێدانی زمانەکەیان، ئەمە هەرچەندە لەم جۆرە ژینگە ژێردەستەییە، دانانی پلانی زمان کارێکی سەخت و دژوارە، چونکە داڕشتنی سیاسەت و پلانی زمان، پێویستی بە دەسەڵات و ئەکادیمیای زمان هەیە، و کوردەکانی ئەم دوو ئوستانە لە هەردووکیان بێبەشن، بۆیە پلانی بووژاندنەوەی زمان ئالنگاریی زۆری ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ناو ڕۆشنبیرانیان جۆرە ڕێکەوتنێک هەیە لەسەر چەند بابەتێکی گرنگی زمان وەک بەکارهێنانی هەمان ڕێنووسی کوردیی بە ئەلفبێی عەرەبی کە بۆ کوردیی ناوەندی هەموارکراوە، هەوڵدان بۆ نووسین بە یەک زاری ستاندارد، دوور کەوتنەوە لە نووسین بە بنزارەکان، (کە لە پێشدا هەر ناوچەیەک بە شێوەزاری خۆیان دەیان نووسی)،

ئێستا نووسین بە بنزارەکان بەرەو کەمبوونەوە دەچێت، زیاتر بە هەردوو بنزاری کرماشانی و ئیلامی دەنووسن. لەم قۆناغە زۆر گرنگە هەوڵ بدرێ لە نێو شێوەزارە زۆرەکانی کوردیی خواروو تەنیا بنزارێک بکرێ بە بنچینە بۆ ئەم زارە ستانداردە.

بۆ بە ستانداركردنی زارێک، چەند تیورێکی بەستانداردکردن هەیە کە بەناوبانگترینیان تیۆری (ئاینار هاوگن)ە[١١] (Haugen,1972: 252)، و چوار قوناغی بۆ بە ستانداردکردنی زارێک، یان شێوەزمانێک دەستنیشان کردووە، کە ئەمانەن:

**یەکەم: هەڵبژاردنی شێوەزمانێک**( بنزار، شێوەزار، زار،..). لە قۆناغی یەکەم پێویستە لە نێو بنزار و شێوەزارە هەمەچەشنەکانی ئەم زارە، تەنیا بنزارێک دەستنیشان دەکرێ وەک بنچینە بۆ ئەم زارە ستانداردە.

لە مێژووی هەموو ئەو زمانانەی کە بوون بە زمانی ستاندارد، زۆربەیان لە شێوەزارێکی پایتەختەوە سەری هەڵداوە، چونکە پایتەخت دانیشتوانی زۆرە و سەرچاوەی حوکمڕانی و هێزی ئابووریی هەیە. بەڵام لە هەندێک زمانیش، شێوەزاری پایتەخت نەبووە، ئەو شێوەزارە بووە کە پاشخانێکی ئەدەبیی هەبووە و دەقی ئەدەبیی پێ نووسراوە. وەک زاری کوردیی ناوەندی کە لە میرنشینی بابان لە سەدەی نۆزدەم، بوو بە زمانی ئەدەبی، دواتر هەر ئەو بنزارە ئەدەبییە لە پارێزگای سلێمانی لە سەدەی بیستەم بوو بە زمانی ستانداردیش بۆ خوێندن. سەبارەت بە دیالێکتی کوردیی خواروو، هیچ کام لە بنزارەکان پاشخانێکی ئەدەبیی دەوڵەمەندیان نەبووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا بنزاری پایتەخت کە کرماشانە باشترین بنزارە بکرێ بە بنچینە بۆ ئەم زارە ستانداردە.

**دووەم: کۆددانان Codification بۆ ئەو بنزارە**

دوای ئەوەی بنزارەکە دەستنیشان دەکرێ، ئەوجا قۆناغی بەکۆدکردنی ئەم بنزارە دەست پێ دەکات، کە ئەویش نووسینەوەی ڕێزمانەکەی و ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووسەکەی و شێوەی گۆکردنی وشەکان و فەرهەنگ بۆ دانانیەتی. لەم قۆناغە هەوڵ دەدرێ ئەم بنزارە لە فۆرمی دەرەوەی بەرەو یەک شێوە بچێت و یەک قاڵب وەربگرێت. بە تایبەت ڕێزمانەکەی کە زمانە ستانداردەکە لەسەری جێگیر بووە، پێویستە یاسا و ڕێساکانی بنووسرێتەوە و یەک بخرێت. هەروەها لە ڕووی وشەسازییەوە، ئەگەر وشەیەک چەند جۆر بەکارهێنانی هەبێت، دەبێ یەکێکیان بکرێ بە بنچینە بۆ زمانی ستاندارد و ئەوانی دی وازی لێ بهێنرێت. سەبارەت بە ڕێنووس بۆ زاریی کوردیی خواروو، هەمان ئەو ڕێنووسە هەموار کراوە کە بۆ زاری ستانداردی کوردیی ناوەندی بە کار دێت. چەند فۆنێمێکی جیاوازی هەیە، ئەویش پیتی جیاوازی بۆ دانراوە.

**سێهەم : بەرفراوانکردنی ئەرکەکانی**

بەکارهێنانی ئەم زارە لە بواری جیاوازی مەعریفە و زانست وەک بوارەکانی زانستە سروشتییەکان(فیزیا، کیمیا، ئەندازە، جەبر، زیندەزانی، پزیشکی..)، یان بواری زانستە مرۆییەکان وەک (ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، فەلسەفی، جوگرافی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئیداری، قانونی..). لەم قۆناغە زمانەکە پێویستە بەردەوام زاراوەسازیی هەموو ئەو زانستانەی بۆ بکرێت بۆ ئەوەی توانای ئەوەی هەبێت کتێبی جیاوازی ئەو بوارانەی پێ بنووسرێت و تەرجەمە بکرێت.

بۆ ئەم قۆناغە، کوردیی خواروو، دەکرێ زاراوە زانستییەکان لە کوردیی ناوەندی وەرگرێت، چونکە زاراوەسازی هەموو ئەم بوارانە لە کوردیی ناوەندی کراوە، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی کوردیی خواروو لە کوردیی ناوەندی نزیک بێتەوە. بێگومان دەکرێ هەندێک زاراوەش لەناو پێکهاتەی وشەکانی زارەکە بەرهەم بێت. لە لایەکی دیکەوە، ئەمە هەنگاوێکی گرنگیش دەبێت بۆ پەتیکردنی زارەکە و داماڵینی لەم هەموو زاراوە و وشە فارسییە، کە بەهۆی خوێندن و پەروەردە بۆ ماوەی سەدەیەک بە فارسی، تێی کەوتووە.

**چوارەم: قبووڵکردنی ئەم زارە ستانداردە و بەکارهێنانی لەلایەن کۆمەڵگەوە.**

لەم قۆناغەدا، ئەم زارە کە قۆناغەکانی بەستانداردکردنی بڕیوە و گەشەی کردووە، لە لایەن کۆمەڵگەی ئاخێوەرانیەوە قبوڵ دەکرێ وەک زارێکی ستاندارد بۆ نووسین و خوێندن و بەکارهێنانی لە دامودەزگاکان و میدیا و گۆڤار و ڕۆژنامە کاری پێ دەکرێ، واتە دەبێت بە زارێکی پایەدار لە ناو کۆمەڵگە و پرەستیژی دەبێت.

تێپەڕبوونی زارەکە بەم چوار قۆناغەی بەستانداردکردندا، زارێکی ستانداردی کوردیی خوارووی لێ بەرهەم دێت کە دەکرێ هەموو نووسەران پێی پابەند بن و پێی بخوێنن، و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی پێ بڵاو بکەنەوە، زارەکە دەبووژێتەوە و لە فەوتان ڕزگاری دەبێت، هاوکات هەوڵی نزیککردنەوەی بدرێ لەگەڵ زاری کوردیی ناوەندی. ئەگەر لە پاشەڕۆژ دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتی ئێران بۆ زمانەکان هاتە پێش، ئەوسا بە هەمان زاری ستاندارد لە قوتابخانەکان درێژە بە خوێندن و فێربوون دەدەن، هەروەها لەپاڵ ئەم زارە ستانداردە، بە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییش بخوێندرێ، کە زمانی سەرچاوە و مەعریفەیە بۆ کورد، هەروەها زمانێکی هاوبەشی کوردییە بۆ هەموو کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. پابەندبوون بەم زارە ستانداردە کوردییە، یەکێتیی نەتەوەی کورد و زمانەکەی پتەوتر دەکات.

## ئەنجامی باس

کوردیی خواروو وەک زارێکی سەرەکیی زمانی کوردی، هەروەها وەک یەکێک لە زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان کە سێ زار دەگرێتەوە و بە ناوەکانی کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی ناسراون. لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی سیاسەتی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی، کە یەک زمان و یەک نەتەوەی بە سەر هەموو گەلانی ئێراندا سەپاندووە، زارە کوردییەکانی ئەم هەرێمە، زۆر بەتوندی دوچاری تواندنەوە بوونەتەوە، هەرگیز دەرفەتی گەشەکردنیان پێ نەدراوە. لە هەمان کاتدا بەزۆر ڕێگە، هەوڵ دراوە ناسنامەی کوردبوونیان چەواشە بکرێ، لە ناسنامەی کوردییەوە بکرێن بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ وەک لوڕی، لەکی، کەڵهوڕی، هەروەها لە ڕێی زمانی فارسی و میللەتی ئێرانی هەوڵ دراوە ناسنامەیەکی نەتەوەییی ئێرانییان پێ بدرێ و خۆیان لەبیر بکەن کە ئەوان بە نەتەوە کوردن و زارەکەیان سەر بە زمانێکی سەربەخۆیە کە کوردییە.

پیادەکردنی ئەم سیاسەتە فەرهەنگییە لە چوارچێوەی دەوڵەت- نەتەوەی ئێراندا بۆ ماوەی نزیک بە سەدەیەک بە سەر زارە کورییەکانی خوارووی کوردستاندا، زەمینەسازی کردووە بۆ دابڕینی لوڕەکان(لوڕی ئوستانی لوڕستان و لوڕی بەختیاری و بویر ئەحمەد و کۆهیگلۆ و مامەسەنی) و بەشێک لە لەکەکانیش( لەکی ئوستانی لوڕستان) لە کورد، بەڵام ئاخێوەرانی کوردیی خوارووی کەڵهوڕی هەتا ئێستا بەرانبەر ئەم سیاسەتە خۆڕاگرن و پابەندن بە ناسنامەی کوردبوونیان و لە هەما کاتدا هەوڵی بووژاندنەوەی زارە کوردییەکەشیان دەدەن، ئەمە هەرچەندە گوشارێکی زۆری دەسەڵاتیان لەسەرە بۆ ئەوەی ئەوانیش بکرێن بە فارس و ئێرانی. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، زارە کوردییەکەیان بە ڕادەیەک دوچاری ئاسمیلەبوون بووەتەوە، کە ئێستا لەبەردەم مەترسیی فەوتاندایە، بۆیە لەم قۆناغەدا زۆر گرنگە ئەم زارە کوردییە لە فەوتان ڕزگار بکرێ و بە ستاندارد بکرێ و زەمینەیان بۆ بڕەخسێ بە زارەکەی خۆیان بخوێنن و بنووسن، هاوکات هەوڵ بدرێ لە زاری ستانداردی کوردیی ناوەندییش نزیک بکرێتەوە. ئەگەر لە پاشەڕۆژ

دەرفەتی خوێندن بە زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەی دەوڵەتی ئێران بـــۆ زمانەکان هاتە پێش، بە زارە ســـتانداردەکە درێژە بە خوێندن دەدەن و هاوتەریـــب بە کوردیـــی ناوەندییش دەخوێنن، کە زمانی سەرچاوە و مەعریفەیە بۆ کورد، زمانێکی هاوبەشـــی کوردە لە باشـــوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەم ڕێگەیە، کوردەکانی خوارووی کوردستان، پەیوەندییان لەگەڵ کورد ناپچـــڕێ و پابەند دەبن بـــە یەکێتیی نەتەوەی کورد و زمانەکەی.

## پەراوێزەکان

- خوێندکاری دکتۆرا، بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، زانکۆی ساینس لە مالیزیا.

- چیای سماق(جبل ســـماق): چیایەکی بەرزە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی حەلەبەوە، لە دەوروبەری گەڵی گوند و قەڵا هەیە. (تۆفیق،٢٠٠٨: ٤٤).

- سەبارەت بە ناوی لوڕی فەیلی کە فەیلییەکانی بەغدا خۆیان وەک لوڕ دەناسێنن، ئەمە وەک دیارە ئەم ناوە زیاتر لە ناوی ناوچەکە هاتووە کە بە لوڕســـتانی فەیلی ناســـراو بووە، لای جۆرج کورزۆنیش، ناوچەی لـــوڕی بچووکی بە لوڕی فەیلی ناو بردووە، (Curzon,1892: 273 ). دواتـــر هەر ئەم کوردە فەیلییانە کە بۆ عێراق کۆچ دەکەن هەمان ناوی لوڕی فەیلـــی هەڵدەگرن و خۆیان بە لوڕ دەناســـێنن. فەیلییەکان لەو کتێبانەی کە بە عەرەبی لەبارەی ئەسڵ و بنەچەی خۆیان نووسیویانە و لە عێراق چاپ بووە، ئاماژە بە ئەسڵی خۆیان دەدەن کە ئەوان لە بنەچە لـــوڕی فەیلین (الفیلـــی، ٢٠١٢: ١٦، فیلی، ١٩٩٩). بەڵا لە ڕاســـتیدا ئەم نـــاوی لوڕە کە بە فەیلییەکانەوە لـــکاوە، زیاتر ناوێکی جوگرافی و ناوچەیی بووە لە ناوچەی لوڕی بچووک و لوڕســـتانی فەیلییەوە هاتووە، هیچ پەیوەندییەکی عەشایەری و زمانی و لەهجەیی لەگەڵ لوڕ نەبووە، چونکە کوردە فەیلییەکان بە زارێکی کوردیی خوارووی (کەڵهوری) قســـە دەکەن بە لوڕی قسە ناکەن، بۆیە نابێ ئەمانە لەگەڵ لوڕ تێکەڵ بکرێن. هەر ئەمەش وای کردووە لای هەموو کوردی باشووری کوردستان، ناوی لوڕی، بووە بە ناوێکی گشتگیر نەک هەر بۆ لوڕی بەختیاری و کۆهگیلو و مامەســـەنی، بەڵکوو بۆ پێکهاتەکانـــی دیکەی وەک کەڵهوڕ و لەک و فەیلی، کە لوڕ نین و ئەوانیش هەر بە لوڕ ناسراون.

- Erik John Anonby

- dialect continuum زنجیـــرە دیالێکت: چەند شـــێوەزارێکە لە ناوچەیەکی جوگرافی وەک زنجیرە بە دوای یەکدا دێن، شێوەزارەکانی نزیک لەیەک بە ئاســـانی لە یەک تـــێ دەگەن، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە ناوچەکە، جیاوازییەکان بەرە بەرە زیاد دەکات و لەیەکگەیشـــتنیش کەمتر دەبێتەوە بەرادەیەک لەوانەیە قسەکەری هەردوو سەری کۆتایی ئـــەو ناوچەیە نەتوانن لەیەک تێ بگەن یـــان بە زەحمەت لە یەک تێ بگەن.

- Isoglosses ئایســـۆگلۆس: خەتێکە لەسەر نەخشە دەکێشرێت بۆ دەرخستنی تایبەتمەندییە زمانییەکان.

- Lexicostatistics ئامـــاری وشـــەکان: ڕێبازێکی بەراوردکاریی زمانەوانییـــە، بە دەرخســـتنی ڕێژەی وشـــە هاوبنچینەکانی نێوان دوو شـــێوەزار یان دوو زمان و بەراوردکردنیان، و پەیوەندیی بە زارێکی دی یان زمانێکی دی دەستنیشان دەکات..

- خواروو و باشوور دوو وشەن بۆ یەک مانا، بۆ ناوی ئەم زارە خواروو بەکار هاتووە نەک باشـــوور، بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوی باشووری کوردستان کە تایبەتە بە کوردستانی عێراقەوە تێکەڵ نەبێت.

- بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی عەشیرەتی کوردەلی لە شارەکانی شێخ ســـەعد و عەلی غەربی لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراقییەوە کۆچیان پێ کـــراوە یانیش ڕەوانەی ئێران کراون، بۆیە ئەم ناوچانە ئەمڕۆ ئاخێوەری ئەم بنـــزارەی کەم بۆتەوە. پێش کۆچ پێکردنیان لە عەلی غەربی ٩٠٪ و لە شـــێخ سەعد ٨٠٪ دانیشتوانەکەی ســـەر بە عەشیرەتی کوردەلی بوون(قمندار، ٢٠١٤: ٤٠).

- بێجگە لە گۆڤاری چریکە، ئینســـتیتوتی فەرهەنگیی یارســـان کە بارەگای لە ســـوێدە، گۆڤارێکی دی بە ناوی (شنرۆێ) دەردەکات. ئەم دوو گۆڤارە گوتارەکەیان بۆ خوارووی کوردســـتانە. ئینستیتوتی ناوبراو لـــە ڕێی ئـــەم دوو گۆڤارەوە دەیەوێـــت ئەم ناوچەیە، کـــە بەدرێژاییی مێژوو هەر بەشـــێک لە جوگرافیای کوردســـتان بووە، لە جێگەی ناوی کوردســـتان، ناسنامەیەکی دی بۆ ناوچەکە ساز بکات بە ناوی ناوچەی پەهلەویـــان، هەروەها پێکهاتەی دانیشتوانەکەشـــی کـــە کوردی لوڕ و لـــەک و کەڵهوڕ و ئیلامی و فەیلی و گـــۆران و هەورامین، ئەوانیش بە پەهلەوی ناو دەبات. وەک ئاشـــکرایە ئەم جۆرە ناو گۆڕینە بە ئەنقەستە و هیچ بنەمایەکی زانستیی نییە، دروستکردنی ناسنامەیەکی ساختەیە و هەوڵێکە بۆ چەواشەکردنی مێژوو و جوگرافیای خوارووی کوردستان، کە دەسەڵاتدارانی ئێران بە زۆر شێوە دەیانەوێ ناوی کوردستان لەسەر ئەم هەرێمە بســـڕنەوە. ئینســـتیتوتی فەرهەنگیی یارسان لە ڕێی ئەم دوو گۆڤـــارەوە، بە کەرەســـتە و گوتارێکی کـــوردی، هەمان بەرنامەی پانئێرانیســـتەکان و دەوڵەتی ئێران بۆ ســـڕینەوە ناوی کوردستان، لەم هەرێمە جێبەجێ دەکات.

- Einar Haugen

## سەرچاوەکان کوردی


ئەمین زەکی بەگ، محەمەد. (٢٠٠٦). خوڵاســـەیەکی تاریخی کورد و کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا ئیمڕۆ. سلێمانی: بڵاوکراوەی بنکەی ژین.
جهانفەرد، ژیار. (١٤٠٠). لە ئەدەبیات کلاســـیک و فۆلکلۆر تا شـــێعر هاوچەرخ کورد. ماهنامە تفکر انتقادی، سال دوم، شمارە: ٩.
جەهانفـــەرد، ســـەجاد. (٢٠٠٩). ئەفســـانەیل وڵات میدیا. ســـلێمانی: ئینستیتوتی کەلەپووری کورد.
جەلیلیان، عەباس. (٢٠٠٤). فەرهەنگی باشـــوور: کوردی – کوردی – فارسی. تایبەت بە ناوچەیل: کرماشان، ئیلام، لوڕستان. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
تۆفیـــق، د. زرار ســـدیق. (٢٠٠٨). چەند لێکۆڵینەوەیـــەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی.
خەزنەدار، د. مارف. (٢٠١٠). مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووهەم، چاپی دووەم. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
حەمەخورشید، د. فوئاد. (٢٠٢٠). نەخشەی کوردستان، توێژینەوەیەکی جوگرافیی سیاسی. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سوداد ڕەسووڵ، سلێمانی: چاپخانەی کەمال.
فوئـــاد. د. کەمال. (١٩٧١). زاراوەکانی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، لە گۆڤاری زانیاری، ژ.٤، ساڵی یەکەم. بەغدا: (دار السلام).
فوئـــاد. د. کەمال. (١٩٧١). زاراوەکانـــی زمانی کوردی و زمانی ئەدەبی و نووسینیان، گۆڤاری زانیاری، ژ.٤، ساڵی یەکەم. بەغدا: (دار السلام).
رضائی، یدالله. (١٩٤٤). لە ســـەرەنجامی پادشایە سەفاریەیل. گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە: ٤. بەغدا: چاپخانەی المعارف.
نەبـــەز، جەمـــال. (١٩٧٦). زمانـــی یەکگرتـــووی کـــوردی. بامبێرگ: بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا.
وهبی بـــگ، توفیـــق. (١٩٤٠). کرمانج لـــە کوردمانجـــەوە نەهاتووە: دابەشـــکردنی شـــێوەکانی زمانی کوردی، لە «گۆڤاری گەلاوێژ»، ساڵی یەکەم، ژمارە ٥ و ٦. بەغدا: (النجاح).


## فارسی


باطنی، محمد رضا. (١٣٨٨). زبان و تفکر: مقالات زبان شناســـی. چاپ نهم، تهران: مؤسسه انتشارات آگاه.
بدلیســـی، شـــرف خان بن شـــمس الدین. (١٨٦٠). کتاب شرف نامه. بأهتمام: ولیامینوف زرنوف، پطربورغ: دار الطباع اکادیمیه ایمپراطوریه.
بهاروند، دکتر ســـکندر امان اللهی. (١٣٩١). قوم لر: پژوهشـــی درباره پیوستگی قومی و پراکندگی چغرافیایی لرها در ایران. تهران: نشر آگه.
خانلری، دکت پرویز ناتل. (١٣٨٦). زبان شناسی و زبان فارسی. تهران: انتشارات توس.
کردســـتانی، علی اکبر وقایع نگار. (١٣٨٨). بدایع اللغه، فرهنگ کردی – فارسی. به کوشش: محمد رئوف توکلی، چاپ اول. تهران: انتشارات توکلی.
کردســـتانی، علی اکبر وقایع نگار. (١٣٨١). عشـــایر و ایلات و طوایف کرد. به کوشش محمد رئوف توکلی. تهران: انتشارات توکلی.
مردوخ کردســـتانی، شـــیخ محمد. (١٣٧٩). تاریخ مردوخ. تهران: نشر کارنگ.
مرتضائـــی، محمد. (١٣٥٧). زبان کردی و لهجه‌های مختلف آن. تبریز: انتشارات مهرگان.
المســـتوفی، حمد الله. (١٩١٣). نزهة القلوب فی المسالک و الممالک. المقالـــة الثالثة حـــول صفة الولایات و البقاع، باهتمام لســـترنج. لیدن: مطبعة بریل.
صفی نژاد، دکتر جواد. (١٣٦٨). عشـــایر مرکزی ایران. تهران: مؤسسه انتشارات امیر کبیر.
کیهان، مسعود. (١٣١١). جغرافیای مفصل ایران. تهران: مطبعه مجلس.
ســـلطانی، محمد علی. (١٣٧٧). دیوان سید یعقوب ماهیدشتی. تهران: مؤسسه فرهنگ نشر سها.
سهرابی، رضا و سریش آبادی، جعفر. (٢٠١١). فرهنگ گروس. هەولێر: بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس.
شهســـواری، فرامرز. (١٣٩٤). توصیف ســـاختار زبان لکی. کرمانشـــاه: انتشارات طاق بستان.
قاســـمی، محمد علی. (١٣٧٩). دیوان کامل شاکه و خان منصور. چاپ اول، ارومیه: انتشارات صلاح الدین ایوبی.
محمدی، ناهید. (١٣٩١). کلهرنامـــه، ادبیات فولکلوریک کلهر. تهران: دستان.
موزونی، رضا. (١٣٩٣). ترانه‌های سرزمین مادری. کرمانشاه: دیباچه.
یاسمی، رشـــید. (١٣٦٣). کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او. تهران: مؤسسه انتشارات امیر کبیر.


عەرەبی:


الحموی، شهاب الدین أبو عبد الله یاقوت بن عبد الله الرومی. (١٩٧٧). معجم البلدان. الجزء الخامس. بیروت: دار صادر.
توفیق، د. زرار صدیق. (٢٠٠١). کردســـتان فی القرن الثامن الهجری: دراســـة فی تأریخها السیاســـی و الأقتصادی. أربیل: مؤسسة مکریانی للطباعة و النشر.
توفیق، د. زرار صدیق. (٢٠٠٧). القبائل و الزعامات القبلیة الکردیة فی العصر الوسیط. أربیل: مؤسسة مکریانی للبحوث و النشر.
زەندی، هیوا. (٢٠٠٧). مقترح للکتابة باللهجة الفیلیة. أربیل: منشورات ئاراس.
قمندار، اســـماعیل. (٢٠١٤). دراســـة اللهجات الکردیة الجنوبیة. بغداد: مکتبة عدنان للطباعة و النشر و التوزیع.
الفیلـــی، احمد ناصر. (٢٠١٢). الفیلیـــون، الأصالة التأریخیة و الموطنة المهدورة. أربیل: دار آراس للطباعة و النشر.
فیلـــی، عبدالجلیـــل. (١٩٩٩). اللور (الکورد) الفیلیـــون فی الماضی و الحاضر. اربیل: مطبعن وزارة التربیة.


## ئینگلیزی


Anonby, E. J. (2003). Update on Luri: How many languages? Journal of the Royal Asiatic Society , Volume 13 , Issue 2 . Cambridge: Cambridge University Press.
Anonby, E. J. (2004). Kurdish or Luri? Laki’s disputed identity in the Luristan province of Iran. Journal of Kurdish Studies, no. 4-5.
Anonymous. (1947). Map of Kurdistan Cairo: Elias modern press.
Amanolahi, Sekandar. (2002). Reza Shah and the Lurs: The Impact of the Modern State on Luristan. Iran & the Caucasus. 6 (1/2).
Curzon, George, N. (1892). Persia and Persian question. vol.2. London: Longmans Green & Co.
Dehqan, Mustafa. (2009). A Kirmashanî translation of the Gospel of John. Journal of Eastern Christian Studies 61(1-2).
Field, Henry. (1939). Contributions to the anthropology of Iran. Anthropological series, volume 29, number 1. Chicago: field museum history.
Hassanpour, Amir. (1992). Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985. San Francisco: Mellen Research University Press.
Haugen, Einar. (1972). The Ecology of Language. Stanford: Stanford University press.
Mackenzie, D. N. (1961). Kurdish Dialect Studies, Vol. I. Oxford: Oxford University Press.
Rich, Claudius James. (1836). Narrative of a Residence in Koordistan, and on the Site of Ancient Nineveh. vol 1, London: W. Clowers and soks.
Soan, E. B. (1909). A southern Kurdish folksong in Kermanshahi dialect. Journal of the Royal Asiatic Society , Volume 41 , Issue 1. Cambridge: Cambridge University Press
Sheyholislami, J. (2012). Kurdish in Iran: A case of restricted and controlled tolerance. International Journal of the Sociology of Language, (217), 19–47.


## چاوپێکەوتن


(جیهانفـــەرد، ٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن لەگەڵ ژیار جیهانفەرد، ڕێککەوتی ١٠- ٣- ٢٠٢٢، هەولێر.